# ئایا هەژاری دیاری خودایە؟

نوسینی: پ.د. عەلی محیّدین قەرەداغی

وەرگیّڕانی: حسیّن نجم الدین قەرەداغی

بسم الله الرحمن الرحیم

**پێناسی کتێب**

**ناوی کتێب: ئایا هەژاری دیاری خودایە؟**

**نوسەر: پ.د. عەلی محیّدین قەرەداغی**

**وەرگێڕان: حسین نجم الدین رسولّ قەرەداغی**

**پێداچونەوە: عومەر عەلی محمد**

**تایپ: محمد کەمال – ئەیمەن ئەمین**

**نەخشە سازی ناوەوە: ئەحمەد میراودەلی**

**نەخشە سازی بەرگ: فەرهاد فایەق**

**نۆبەی چاپ:–٢٠١٦**

**تیراژ: ١٠٠٠ دانە**

**چاپخانە: چوارچرا**

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەی (١٥٨١ ) ی سالّی (2016) پیّ دراوە

بەرهەمی نوسینگەی راگەیاندنی

پ.د.عەلی قەرەداغی

سلێمانی –٢٠١٦

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

## پێشەکی وەرگێڕ

خوێنەری بەڕێز ئەم کتێبەی لەبەردەستدایە (ئایا هەژاری دیاری خودایە؟) باسی گرفتی هەژاری دەکات کە لەدێر زەمانەوە مرۆڤایەتی بۆ رزگار بوون لەو گرفتەو رێگاو میکانیزمی جۆراو جۆری تاقیکردۆتەوە ، هەر لەناونیشانی ئەم کتیبەوە تێدەگەین کە هەژاری گرفتە نەك دیاری و نیشانەی ڕێزی خودایی، بەم تێڕوانینە بەشێکی گرنگی گرفتەکە چارەسەر دەبێت ، ئەمەش تەبایە لەگەڵ روحی ئاینی پیرۆزی ئیسلام، کاتێك پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ دەفەرموێت (اللهم الی اعوذو بك من الکفر والفقر) واتە خوادیە پەنات پێ دەگرم لەبێ باوەڕی و لەهەژاری.

هەژاری نەخۆشی و دەردە دەبێت هەوڵ بدەین خۆمانی لێ رزگار بکەین بەپێچەوانەی تێگەیشتنی هەڵەی هەندێك لەمسوڵمانان کەبەدیاری و شیعاری پیاوچاکان لێکیان داوەتەوە، دەبێت بەهەوڵ و تێکۆشان و دۆزینەوەی رێگا چارەی جۆراوجۆر میکانیزمی چارەسەر و دەبازبوون لەهەژاری و شوێنەوارەکانی لەسەر تاك و خێزان و وڵات و کۆمەڵگە درێغی نەکەین، لەولاشەوە

ئەگەر قەدەری مرۆڤ هەر وابێت کەهەژارو نەدارو دەست کورت بێت ئەوا بەئارام گرتن و چاوبڕینە پاداشتی ئەو خۆڕاگریە ئەم گرفتە دەگۆڕێت بۆ حاڵەتی ئاسایی و خۆڕاگری و پاداشت وەرگرتن.

نوسەری ئەم کتێبە جەنابی دکتۆر عەلی قەرەداغی کە پسپۆڕی و بواری و لەنزیکەوە ئاگاداری کێشەو گرفتەکانی جیهانی ئیسلامیە لەسەر ئاستی دەوڵەت و تاك و کۆمەڵگە، دەیان کتێبی لەم بوارەدا نوسیوەو سەدان کۆڕو سیمیناری لەم بوارەدا پێشکەش کردوە و چارەسەری بۆ پێشنیار کردوە.

لەم کتێبەدا سەرەتا پێناسەی هەژارو نەدار دەکات، ئەوە نیشان دەدات هەژار هەژارە بەپێداویستیەکانی ژیان، ئەمەش رێژەییە و جۆرو پلەبەندی هەژاری نیشان دەدات وەك هەژاری رەها (بێ پایان) و هەژاری رێژەیی و هەژاری ملکەچ و هەژاری بێ دەرەتان (خاکەسار).

نوسەر هەوڵیداوە پێوانەی هەژاری بخاتە روو بەدانانی پێوەرو پلەبەندی بەڵام وەك زۆربەی توێژەران ئاماژەی بۆ دەکەن ئەم هەوڵە رووبەرووی گرفت دەبێتەوە بەهۆی تێگەیشتنی جیاواز لەچەمکی هەژاری و

گۆڕانکاریە زۆرەکانی، نەبونی زانیاری وردو دروست لەسەر داهات و دەرامەت.
لەم بوارەدا ئاماری ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و بانکی نێودەوڵەتی و لێکۆڵینەوەی زاناو پسپۆڕانی ئەم بوارە دەخاتە روو کە هەژاری لەزۆربەی وڵاتانی جیهانی ئیسلامیدا ڕێژەیەکی بەرچاو و بەرزە ئەویش بەهۆی جەنگ و قۆرخکاری کۆمپانیا گەورەکان لەسەر ماددە خۆراکیەکان، هۆکاری سەرکی برسێتی و هەژاری و بێکارین لەکاتێکدا زۆربەی ئەم وڵاتانە خاوەن سامان و کانزاو نەوت و گازن.
پاشان دێتە سەر باسی داهاتی تاك کە ئەوەن نیشان دەدات کە داهاتی تاك لەوڵاتە هەژارەکاندا دەگاتە (٥٪) ی ناوەندی داهاتی تاك لە وڵاتە پێشکەوتوەکاندا ، ئەو ڕێژەیە کەم بوەتەوە بۆ (٢,٥٪) لەساڵ ١٩٧٧ وە بەردەوام لەکەم بونەوەدایە.
لەلایەکی ترەوە خشتەی بانکی گەشەپێدانی ئیسلامی دەخاتە روو کە ئەو نیشان دەدات زیاتر لە (٥٠٪) وڵاتانی ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی لەنێو ئەو وڵاتانەدا پۆلێن کراوە کە خاوەن ئابوری و داهات نزمن.

لەبەشێکی تری نوسینەکەیدا نوسەر دێتە سەر باسی شوێنەوارو جێکەوتەی هەژاری لەسەر پێنج لایەن (ئابوری ، زانستی ، رۆشنبیری، کۆمەڵایەتی، سیاسی) کەلەهەر بەشێکدا کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی هەژاری روون دەکاتەوە لەسەر مرۆڤی هەژارو رەنگدانەوەی لەسەر وڵات و کۆمەڵگە.

منیش بەتوانای خۆم هەوڵم داوە ئەم کتێبەم وەرگێڕاوەتە سەر زمانی شیرینی کوردی بەشێوەیەك بێت ماناو ناوەڕۆکی بابەتەکە پارێزراو بێت تا خوێنەران سوودی لێ وەربگرن و وەك سەرچاوەیەکی زانستی لەم بوارەدا توێژەران و خوێندکاران پشتی پێ ببەستن، خێرخوازانیش بەگشتی لەشوێنەوارو کاریگەری نێگەتیڤی هەژاری ئاگادار بن، ئەو هۆکارانەی بۆ هەژاری خراوەتە روو سودیان لێ وەربگرین لەسەر ئاستی تاك و کۆمەڵگەو دەسەڵاتی بەڕێوەبردن.

هیوادارم سوودی بۆ خوێنەران هەبێت و لەنزاو پارانەوەکانتان و سەرنج و تێبینیتان بێبەشمان مەکەن، لەگەڵ رێزو حورمەتم بۆ هەموو لایەك

حسێن نجم الدین قەرەداغی

سلێمانی – ئایاری ٢٠١٦

# بابەتی یەکەم

## کێشەی هەژاری

هەژاری لە زمانەوانیدا بەمانای پێویستیو، نـەبوونی دێت، هەژاری بەگشتی واتە نەبوونی[1]

زۆرینەی زانایان لەسەر ئـەوەن کـە هـەژاران بـریتین لــەو کەســانەی خــاوەن پێداویســتینو بــە ئەنــدازەی پێویست شتیان نیە، چەمکی هەژارو مسکین لەو وشانەن ئەگـەر پێکـەوە بـەکاربران هـەر یەکـەیان مانـای خـۆی دەدات، ئەگـەر بـە تـەنها بـەکاربران هـەرکامیان مانـای ئەوی تریش دەدات وەك چەمکی ئیمانو ئیسلام، ئەگـەر دەســتەواژەی (هــەژاران) بــە تــەنها بــەکاربرا مانــای مەســاکینیش دەدات، بــەڵام ئەگــەر لەگــەڵ مەســاکین بــەکاربرا ئــەوە هــەژاران مانایــەك دەداتو مەســاکین

---

[1] القاموس المحيط، ولسان العرب مادة(فقر)

مانایەکی تر، وەك قورئان دەفەرموێت: {إِنَّمَا الصَّدَقَاتُ لِلْفُقَرَاءِ وَالْمَسَاكِينِ }التوبة٦٠

حەنەفیەکان بۆچوونیان وایە هەژار ئەو کەسەیە بڕە ماڵو سامانێکی هەیە، بەڵام ناگاتە ڕێژەی زەکات، مسکینیش ئەو کەسەیە هیچی نیە، بەم مانایە مسکین زۆرتر خاوەنی پێویستیە تا هەژار، ئەمە لەکاتێکدا مالیکیو شافیعیو حەنبەلیەکان بۆ چونیان پێچەوانەی ئەمەیە، لای ئەوان هەژار زۆرتر خاوەن پێویستیە تا مسکین[٢].

ڕاستی ئەوەیە کە قورئان ئەم دووچەمکەی بەکارهێناوە پێکەوە لەیەك ئایەتدا ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە جیاوازن، هەر بەشێکیان بەشێکی سەربەخۆن لەو چەند بەشەی کە زەکاتیان دەدرێتێ چەمکی هەژارو داتاشراوەکانی چوارده جار بەجیا بەکارهێنراوە لە قورئاندا، ئەمە لە کاتێکدا دەستەواژەی (مەسکنە)و(مسکین)و(مەساکین) بیستو پێنج جار بەکار هێنراوە، بۆیە ئەو یاسایەیان بەسەردا جێبەجێ دەکرێت لە پێکەوە بوونو تەنهاییاندا.

---

[٢] فتح القدير

ئێمــەش لــەم باســەدا مەبەســتمان لــە هــەژار ئــەو کەســەیە: کــە پێویســتی بــەزەروریاتو پێویســتیەکانە، لەخۆراكو دەرمانو پۆشاكو جێگای نیشتەجێ بوونیـان هەیــــە، لەگـــەڵ لەبەرچــــاوگرتنی ئاســــتی هــــەژاریو پێویستیو زەروربوونی، ئەمەش بەپێی کاتو سـەردەمو عورف[٣].

قورئــان ئامــاژەی داوە بــە پێویســتیە ســەرەکیەکانی مـرۆڤـ وەك دەفەرموێت: {إِنَّ لَكَ أَلَّا تَجُوعَ فِيهَا وَلَا تَعْرَى * وَأَنَّكَ لَا تَظْمَأُ فِيهَا وَلَا تَضْحَى }طه ١١٨ – ١١٩ .

## هەژاری و جۆرو پلەکانی:

### هەژاری ئاست و پلەی جۆراو جۆری هەیە:

١- **هەژاری رەها**: ئــەم جـۆرە رێـژەی نـزمترین ئاسـت تۆمار دەکـات لـە بەدەسـتکەوتنی کـەمترین پێویسـتی بـۆ بەکاربردن، هەژاری بەم مانایە بریتیە لە بێ بەشبوون لەدەســـتکەوتە ئابوریـیـــەکان بـــە شـــێوەیەك بتوانێـــت پێویســـتیەکانی تێـــر بکـــات بەشـــێوەیەکی گونجـــاو، بەمانایەکی تـر خـەتی هـەژاری رەهـا یەکسـانە بەئاسـتی

[٣] الدكتؤر يوسف القرضاوى، مشكلة الفقر وكيف عالجها الاسلام

کـەمترین بـڕی تێچـوونی کـاڵاو شمـەکی پێوسـت بـۆ پڕکردنەوەی پێویستیە بەکاربەرە بنەڕەتیەکان[٤].

٢- هەژاری رێـژەیی: ئەمـەش دەگۆڕێت بـە جیاوازی داهـاتی تـاك لـە وڵاتێکـەوە بـۆ وڵاتێکـی تـر، یـان لـە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر بە پشت بەستن بـەبڕی تێچوون بۆ دابین کردنی پێویستیە جیاوازەکان[٥]لەم روانگەیـەوە دەکرێـت بڵـێین هـەژاری ڕێـژەیی دەکرێـت لـە وڵاتێکـدا ببێتـە دەوڵەمەنـد بـەراورد بـە وڵاتێکـی تـر، دەکرێـت بـەپێی بۆچـوونی حەنەفیـەکان مسـکین نـاو ببـەین بـە هەژاری رێژەیی.

٣- هـەژاری (مـدقع)، بریتیـە لـە شـێوەیەك کـەمترین رێژەی پێویستی خۆراکی دەسـت دەکـەوێت، ئەگـەر لـەوە کـــەمتربێت ناتوانێـــت ژیـــان  بگوزەرێنێـــت، ئەمـــەش پێناسەی حەنەفیەکان دەگرێتەوە.

٤- هــەژاری هــیچ نــەبوو، ئەمــە ئــەو جۆرەیــە لــە هەژاری، کە هیچ شتێکی نیە شایانی باسکردن بێت، ئـەم جۆرە پێشی دەوترێت (الحالة المزرية) .

---

[٤] تیماشیف: نظرية علم الاجتماع

[٥] سەرچاوەکانی پێشوو.

# بابەتی دووەم

## پێوەری هەژاری

زۆرینەی لێکۆڵەرەوان هەوڵی ئەوەیان داوە پێوەرێك دابنـێن بـۆ هـەژاری، بـەڵام هەوڵەکـەیان رووبـەرووی کێشەی زۆربوەوە بەهۆی جیاوازی تێگەیشتن لە هەژاری و جۆرەکانی و گۆڕانکاری بەسەریدا، هەندێکیان پشتیان بەداهاتی تاکە کەسی بەستوە بەو مانایەی توانای کڕینی کاڵاو شمـەك و خزمـەت گوزارییـەکان لـەوەوە سەرچاوە دەگرن، ئەمەش رووبەرووی کۆمەڵێك گـرفتی کـرداری و تیـۆری دەبێتـەوە، لـە رووی کردارییـەوە گەیشـتن بـەدەرەنجامێکی وردو دروسـت بـۆ داهـاتی تـاك کـارێکی

گران‌و ئەستەمە، لە رووی تیۆریشەوە کێشەی جیاکاری‌و خاڵی جیاکەرەوەی لانی کەمی داهاتی خەڵکی هەژار، بەراورد بەخەڵکی تر[٦]، لە راستیدا پێوەری سەرەکی بریتیە لە پێویستی لە پڕکردنەوەی زەرورەتەکاندا.

رێکخراوی نێودەوڵەتی لە دیاریکردنی هەژاری لە (رێبەری هەژاری مرۆڤایەتی) دا کە تیشك دەخاتە سەر لایەنی مەحرومیەت و نەبوونی لەسێ پێوەری سەرەکی بەم شێوەیە: (تەمەن درێژی، زانست‌و زانیاری، ژیان و گوزەرانێکی شایستە) مەحرومیەت لەتەمەن درێژی (مردنی منداڵ لە خوار تەمەنی پێنج ساڵان و گەورەش لە تەمەنی چل ساڵیدا) ئەمەش بەهۆی نەبوونی هاوکاری و خزمەت گوزاری تەندروستی، نەداری لە زانست و زانیاری و رۆشنبیری بەهۆی نەبوونی خەرجی و داهاتی پێویست، دەستەبەر نەبوونی ژیان و گوزەرانی شایستە بەرێگای نەبوونی داهاتی پێویست بۆ پێویستیە بنەڕەتیەکان لەوانە ئاوی خاوێن بۆ خواردنەوە[٧].

بە بۆچوونی من ئەم مانا گشتیە بۆ هەژاری لە ڕووی زانست و زانیاری و تەندروستیەوە ئیسلام لەمێژە

---

[٦] سەرچاوەکانی پێشوو.

[٧] سەرچاوەکانی پێشوو.

لەبەرچاوی گرتووە، بۆیە زانایان پێدانی زەکات بەرەوا دەبینین بۆ قوتابی و فێرخواز، بونی کتێبخانەی گەورەش نابێتە رێگر لەوەی خاوەنەکەی زەکاتی بۆ دروست نەبێت[٨].

## ئایا هەتا ئێستاش هەژاری گرفتە لەگەڵ ئەو پێشکەوتنە گەورەو سەرمایە زۆرەی کە ئێستا هەیە ؟

لەگەڵ ئەو پێشکەوتنەی تەکنەلۆجیاو بەرچاوە لە ئەمڕۆدا لەگەڵ بوونی ئەو دەوڵەمەندیە خەیاڵیەی هەندێ لەخەڵك و کۆمپانیا و دەوڵەتان هەیانە، هەژاری هێشتا دەستی لەگەروی رێژەیەکی زۆری مرۆڤایەتی گیرکردووە و بەردەوام لە زۆربونیشدایە، بەپێی لێکۆڵینەوەکانی بانکی نێودەوڵەتی لەساڵی (١٩٨٧) دا رێژەی هەژارانی جیهان پێشبینی دەکرا کە دابەزێت لە (٩٥٠) ملیۆن کەس لەو کاتەدا بۆ(٢٦٠) ملیۆن کەس بەهاتنی ساڵی (١٩٩٩) [٩]، بەلام بەداخەو پەژارەیەکی

---

[٨] فقه الزكاه

[٩] تقرير البنك الدولى.

زۆرەوە هـەژار لـە جیهانـدا ڕێـژەیان زۆرتربـووە، بـەڵکو چـەندین گـەل و وڵاتـی تـری هاتـە سـەرو لـەریزی هەژاراندا تۆمارکران، بە نموونە هیچ کەس بە خەیاڵیـدا نـەدەهات کـە گـەلی عێـراق بچێتە بازنـەی هەژاریـەوە ئەمـەش بـەهۆی ئـەو شـەڕە نـەگریس و وێرانکـارەی دەسـەڵاتی پێشـوو دژی گەلەکـەی و دژی ئێـران بـەرپای کـرد، پاشـان داگیرکردنـی کوەیـت و بـە زۆر دەرکردنـی تێیدا، دواتر ئەو گەمارۆ ئابوورییەی بەسەریدا سـەپێنرا، پاشـان داگیرکردنـی لەلایـەن ئەمـەریکاوە لەسـاڵی (٢٠٠٣) زدا، ئێستا ئـەو بارودۆخـە پـڕ لـە مەترسیەی هەیـە کـە هەموان دەزانین.

لـەوڵاتی میسریشـدا دکتـۆرە کەریمـە کـەریم ئامـاژە بەوە دەدات کە لەسـاڵی ١٩٨١ – ١٩٨٢ ڕێـژەی هـەژاری زۆر کەم بـوو لەشـارە گەورەکانـدا، بـەڵام لەسـاڵی ١٩٩٠ – ١٩٩١ هـەژاری گونـد نشـینەکانی تێپەڕانـدو گەیشـتە شـارە گەورەکان.

بـە شـێوەیەك بـۆ گونـدەکان بویـە ڕێـژەی ١٠٠٪ بـۆ شارەکانیش بوە ڕێژەی ٢٠٪ [١٠]، بە هـەمان شـێوە ڕێـژەی هەژاری لە ئوردندا زۆرتر بوو لەساڵی ١٩٨٦ – ١٩٩٢ ڕێژی

---

[١٠] د.كريمة كريم: الفقر وتوزيع الدخل

هەژاری بریتی بوو لـە ١١/٥٪ بەشێوەی کتـوپڕ بەڕێـژەی ٣/٤٪ زیـــادی کـــردووە وەك لەڕاپۆرتەکـــەی بـــانکی نێودەوڵەتیدا هاتووە[١١].

بەهەمان شێوە سەر ژمێریـەکان ئامـاژە بـەوە دەدەن کە ئاستی هەژاری لە تونسدا بەرەو سەرەوە دەچێت بـە شــێوەیەکی بەرچــاو لەســاڵانی ١٩٩٠ – ١٩٩٥ ، بەهــەمان شێوە ئاستی وەبەرهێنان لەکەرتی کشتوکاڵیدا کەمی کرد بەڕێژەیــەکی زۆر، ڕیــژەی لــە ٧٠٪ ی ئــەو هەژارییــە خەڵکی گوندنشینو دوورە دەشتەکان بوون[١٢].

لەساڵانی شەستەکاندا لە عێراقیشدا ڕیـژەی هـەژاری نــزم بــوو، تــا ســەرەتای حــەفتاکان پاشــان لەســاڵی ١٩٩٣ بەرزبووەوە بۆ ڕێـژەی ٧٢,١٪ لەشـارەکان لـە گەورەکانـداو، بۆ لە ٨١,٨٪ لە گوندو شوێنە دوورە دەستەکان[١٣].

لە ساڵانی شەستەکان بە هەمان شێوە لـە لوبنانیشـدا ڕێــژەی هــەژاری زۆر کــەم بــوو، تــا ســەرەتای حــەفتاکان دواتــر شــەڕی نــاوخۆ ڕوویــداو ڕێــژەی هــەژاری بــەرز کردەوە بۆ ٥٧٪ لەکۆی دانیشتوانی ساڵی ١٩٨٧، دواتر شەڕ

---

(١١) د. الفارس: سەرچاوەکانی پێشوو

(١٢) د. الفارس: سەرچاوەکانی پێشوو.

(١٣) تقرير البنك الدولى

کۆتـایی هـاتو هـەژاریش بارگـەو بنـەی پێچـایەوەو ئـابوریی وڵات پێشکەوتو ڕێـژەی نـەداری دابەزانـد بـۆ خوارەوە[١٤]، بەڵام بەداخـەوە دواتـر دەست درێژیـەکانی ئیسرائیل لە هاوینی ٢٠٠٣ داو دواتـر سستیو کشانەوەی لە بواری بازرگانیو گەشتو گوزاردا لە بـەیروت لەساڵی ٢٠٠٧ دا جوڵەی ئابوریی پەك خست، بە تایبەت لەبواری گەشتو گوزاردا.

ئەم حاڵەتە لـە دەوڵەتـە عەرەبیـەکانی تـردا – جگـە لە وڵاتانی کەنداو – هیچیان باشتر نیـە لـەوەی باسمـان کرد[١٥].

بـە گشـتی ڕێـژەی هـەژاری بـەهۆی کێشـە ئابوریـە جیهانیەکەوە لە ٩٠٠ ملیۆنەوە بەرزبوەوە بۆ ١٢٠٠ ملیۆن لە ساڵی ٢٠٠٩ دا.

## جیهـانی بـوونی هـەژاری و قۆسـتنەوەی لـە لای دەوڵەمەندەکانەوە

بەداخەوە حاڵـەتی هـەژاری لـە دنیـای ئـەمڕۆدا وەك گرفتی خەڵکانێکی زۆر قۆزراوەتـەوە بـۆ گـۆڕینی ئـاین و

---

[١٤] انكوان لحدان: الفقر في لبنان.

[١٥] محمد حسين باقر: قياس الفقر في أقطار اللجنة الاقتصادية والاجتماعية.

ئاڕاستە کردنی نا دروستو بەکاربردنی گەلانی هەژار لەلایەن هەندێك لە ڕێکخراو و دەوڵەتەکانەوە[١٦].

## برسێتی – نەك تەنها هەژاری – کێشەی یەکەمە لەجیهاندا:

لەگەڵ ئەم هەموو پێشکەوتنە تەکنەلۆجیو پیشەسازی و دەوڵەمەندییە بێ سنورەی هەندێك لە خەڵكو دەوڵەتان، بە پێی ڕاپۆرتە نوێکانی نەتەوەیەکگرتەوەکان [١٧] هەژاری لە زۆربووندایەو لە ڕۆژگاری ئێستادا بووەتە یەکەم کێشەی ئەمڕۆی جیهان، بە شێوەیەك ژمارەی مرۆڤە برسی و بێ دەرەتانەکان لە زۆر بووندایە تا گەیشتە زیاتر لە ٨٤٥ ملیۆن خەڵکی برسی، ئەمەش وایکردوە ڕۆژانە شەش هەزار منداڵ دەمرن بەهۆی برسێتیەوە، واتە لەهەر پێنج چرکەیەکدا یەك منداڵ دەمرێت، لەهەر ساڵێکدا شەش

---

[١٦] میشیل شوسو دوفسکی: عمولة الفقر.

[١٧] موقع الامم المتحدة.

ملیۆن منداڵ دەمرێت لەخوار تەمەنی شانزە ساڵیەوە، ئەمە لە کاتێکدا یەك ملیار مرۆڤ لە خوار هێڵی هەژارییەوە بە شێوەیەك داهاتی ڕۆژانەیان کەمترە لە یەك دۆلار، ئەمەش وای کردووە مردن بەهۆی بەدخۆراکیەوە نزیکەی یەك لەسەر سێی مردنی پێشوەخت تۆماردەکات، لەبەرئەمە (بانکیمۆن) ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان بە بۆنەی ساڵڕۆژی جیهانی خۆراکەوە لە ٢٠٠٧/١٠/١٦ وتی: (پێویستە لەسەر مرۆڤایەتی هاوارو ناڵەی خەڵکە برسیەکان ببیستن دەبێت لە ناوەڕۆکی مافەکانی مرۆڤ تێ بگەین و هەژاری و برسێتی لەناو بەرینو تێ بگەین لە پەیوەندیە تەواوکارییەکانی نێوان گەشەپێدانو مافی مرۆڤو ئاسایش)[١٨].

ڕاپۆرتەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە شەڕو ململانێ چەکدارابیەکانو دیاردەی بەبیابان بوونو کۆمپانیا زەبەلاحە جیهانیەکان لەبواری خۆراکدا زۆرترین کاریگەرییان هەیە لەسەر برسێتیو هەژاریو بێکاری، تەنانەت بەرپرسی دۆسیەی خۆراك لەنەتەوە یەکگرتووەکان یەکێتی ئەوروپای بەهۆکاری

---

[١٨] الموقع السابق، والمجلة السابقة

دروســـتبوونی برســـێتی‌و بـــەدخۆراکی تاوانبـــارکرد لــە دەوڵەتــە دواکـەوتووە زۆرهەژارەکانــدا بـەهۆی سیاسـەتی نغرۆکردنیـان لـەژێر بـاری قـەرزاری‌و مـەحروم کردنــی جوتیارەکـان لـە خسـتنە بـازاڕی بەرهـەم‌و کاڵاکانیـان بەشــــێوەیەکی دادپەروەرانــــە[١٩]، ئەمــــە ســــەرەڕای دروستبوونی بێ کاری‌و هەڵاوسانێکی زۆر بـەو هۆیـەوە هاوکــات لەگــەڵ کــۆچ کردنـــی مرۆڤـــە هۆشمەنـــدو کاریگەرەکان بـۆ دەرەوەی وڵات‌و بەهـەدەر چوونی توانـا مرۆییەکان‌و هێزی کارو کشتوکاڵی‌و هاتنیان بۆ ناوشـارە گەورەکان‌و بوون بە بار بەسەر دەوڵەت‌و کۆمەڵگەوە لـە کاتێکدا ئەوان هێزی کاربوون، یان کـۆچ کردنیـان بـەرەو ڕۆژئاوا، ڕێکخراوی کاری نێودەوڵـەتی لـە جنێـف ئـەوەی پشـــت ڕاســـت کـــردەوە کـــە ٢٠٪ ی ئەوانـــەی توانـــای کارکردنیان هەیە بەدەست بێکارییەکی تەواوە یـان نیـوە بێکارییەوە دەناڵێنن، بەپێی ئەم ڕێژەیەش بێت خـەڵکی بێکار لە جیهاندا نزیکەی یەك ملیار دەبێت[٢٠].

ئێمە لێرە ناچینە نـاو شـیکارێکی قـوڵی ئـەم بابەتـە، بـــەڵام ئـــەوەی دەمانـــەوێت بیخەینـــە ڕوو ئەوەیـــە کـــە

---

[١٩] مجله المجتمع

[٢٠] مجلة المصور المصرية

هەژاری لە جیهاندا بەردەوام لە زۆربوندایە، بەتایبەت لە جیهانی ئیسلامی لەمەڕخۆمان، بەهەمان شێوە هەژاری بەردەوامی هەیە لە جیهانی عەرەبیدا، لەگەڵ بوونی ئەو هەموو بەهرەیەی خودا پێی داوە لەسامانە سروشتیەکانی وەك نەوتو غازو کانزاکان، بەلاّم هەژارییەکە لە زۆر بووندایە لەزۆربەی ولاّتەکانیدا، ئەمە لە کاتێکدا داهاتی تاکە کەس لە دەوڵەتانی کەنداو زۆرجیاوازە لە دەوڵەتە عەرەبیەکانی تردا، جاری وادەبێت سەد بەرامبەر دەبێت، ئەمەو هەژاری مەترسیدار لە ولاّتانی ئیسلامی ئەفەریقی بونێکی زۆرو لەبەرچاوی هەیە، بە هەمان شێوە لە ئاسیاشدا، بەشێوەیەك داهاتی تاکە کەس بەشێوەیەکی مامناوەند لە بەنگلادیشدا (١٦٠ )دۆلارە، ئەمە لە کاتێکدا لە چەند دەوڵەتێکی ئەفەریقیدا زۆر لەو ڕێژەیە کەمترە و یەك ملیار مرۆڤ لە ڕیزی هێڵی سوری هەژاریدان، بە مانایەکی تر زیاتر لە نیوەی دانیشتوانی جیهانی سێیەم لە بارودۆخێکی هەژاری پڕ مەترسیدان، بەهەمان شێوە سەر ژمێری و داتاکان ئاماژە بەکەم بوونەوەی ئاستی گەشەپێدان دەکەن سەبارەت بە داهاتی نەتەوەیی لە ئاسیا و ئەفەریقادا، لە بەرامبەردا گەشەکردنی ولاّتە

دەوڵەمەنەکان لە زۆربوون و بەرەو پێشەوە چوندایە، لەمەش زیاتر ڕێژەی لە ٢٥٪ ی ئەوان خاوەنی ڕێژەی ٧٥٪ داهاتو ماڵو سامانی جیهانن، ئەمە لە کاتێکدا لە ٧٥٪ ی خەڵك لەسەر ٢٥٪ ی داهات دەژین لە ماڵو سامانی جیهان، نزیکەی(٣٧٠ )کۆمپانیای زەبەلاحو کەسایەتی دەوڵەمەند خاوەنی ٧٥٪ ی ئەو سامانو داهاتەن کە باسمان کرد.

بەڕێوەبەری بانکی نێودەوڵەتی مکنمار لە وتارێکیدا لەساڵی ١٩٧٩ دا دەڵێت: ڕێژەی مام ناوەندی داهاتی تاکە کەس لە وڵاتانی هەژاردا لە ٥٪ ی داهاتی تاکە کەسی وڵاتە پێشکەوتووەکان پێك دەهێنێت ئەمە لەساڵی ١٩٦٠ دا دواتر دابەزی بۆ لە ٢.٥٪ بۆ ساڵی ١٩٧٧، ئەم دابەزینە بەردەوام بوو تا ساڵی (٢٠٠٠) بەڵکو تا ئێستاش هەر لە دابەزیندایە، هەروەك دەوڵەتە پیشەسازییە زەبەلاحەکان دەستیان گرتووە بەسەر ڕێژەی ٨٠٪ ی بازرگانی و وەبەرهێنانی جیهاندا لەگەڵ ٩٣٪ پیشەسازییدا لەگەڵ ٩٧٪ ی لێکۆڵینەوەو خزمەتگوزاریو تەکنەلۆجیای پێشکەوتودا تەنانەت لە وڵاتێکی وەك ئەمەریکاو ئەوروپای ڕۆژئاوادا هەژار بوونی هەیە.

تەنانـەت کـۆنگرەی دافـوس کـە لەسویسـرا بەسـترا لەسـاڵی ١٩٩٩ز تیشـکی خسـتە سـەر سیاسـەتی ئـابوری سـەپێنراو لـە دەزگـا داراییـە جیهانییەکانـەوە لەسـەر وڵاتـانی تـازە پێگەیشـتوو، کـەموکوڕی و لاوازییـەکانی خسـتە ڕوو لـە نموونـەی بێکـاری‌و زۆربـوونی جیاوازییەکان‌و، جیاوازی داهات لە وڵاتـانی پێشکەوتوو، لەگـەڵ وڵاتـانی تـازە پێگەشـتوو، لـە ڕووی زۆربـوونی هەژاری و پەراوێزخستن‌و ئیستیغلال‌و دوور خستنەوەی دەوڵەتانی باکورو باشور لە یەکتری[٢١].

بڕوانە ئەم خشتەیە کە بانکی گەشەپێدانی ئیسلامی ئامادەی کردووە، کـە زیـاتر لـە(٥٠) دەوڵـەتی خسـتووەتە ڕوو لـە ووڵاتـانی ڕێکخـراوی کـۆنگرەی ئیسـلامی کـە لەڕیزی وڵاتانی داهات نزمەکانـدا تۆمـارکراون، ١٥٪ یـان لە ڕیزی وڵاتە داهات مام ناوەندەکاندا تۆمار کراون، ٢٠٪ یـان لـە سـەروی مـام ناوەنـدەوەن، لـە ٨٪ خـاوەنی ئابورییەکی بەرزو داهاتێکی باش ئەم خشتەیە لـە سـاڵی ١٩٩٧ ز ئامادە کراوە[٢٢].

---

[٢١] وقائع الندوة العاعبة حول الفقر والفني في الوطن العربي.

[٢٢] عبدالمهـدي عبـدالهادى المصـرى: الاقتصـاد الاسـلامي وأثـره في حـل بعـض المشاكل

**ڕێژەی ئەو دانیشتوانەی کە کەمتر لە دوو دۆلار، یان یەک دۆلاریان دەست دەکەوێت لەڕۆژێکدا[٢٣] .**

| وڵات | کەمتر لەیەك دۆلار لەڕۆژێکدا | کەمتر لەدوو دۆلار لەڕۆژێکدا |
|---|---|---|
| جەزائیر | ١.٥ | ١٥,١ |
| ئازەربایـنجان | ١.٥ | ٩,٦ |
| میصر | ٣,١ | ٥٢,٧ |
| ئەندۆنوسیا | ٧,٧ | ٥٥,٣ |
| ئوردن | ٠,٢ | ٧,٤ |
| کازاخستان | ٠,٢ | ١٥,٣ |
| مەغریب | ٠,٢ | ٧,٥ |
| تونس | ٠,٢ | ١٠ |
| تورکیا | ٢,٤ | ١٨ |
| بنگلادیش | ٢٩,١ | ٧٧,٨ |
| بورکینافاسو | ٦١,٢ | ٥٨,٥ |
| کامیرۆن | ٣٣,٤ | ٦٤,٤ |
| جامبیا | ٥٩,٣ | ٨٢,٩ |

---

[٢٣] بنك التنمية الاسلامي

| | | |
|---|---|---|
| مالی | ٧٢,٨ | ٩٠,٥ |
| موریتانیا | ٢٨,٦ | ٦٨,٧ |
| موزبیق | ٣٧,٩ | ٧٨,٤ |
| نێجیر | ٦١,٤ | ٥٨,٣ |
| باکستان | ٣١ | ٨٤,٧ |
| سیرالیون | ٥٧ | ٧٤,٥ |
| تورکمانستان | ١٢,١ | ٤٤ |
| یەمەن | ١٥,٧ | ٥٤,٢ |

**دەوڵەتە زۆر هەژارو دواکەوتوەکان لە جیهانی ئیسلامیدا :**

ڕێکخــراوی نەتەوەیــەکگرتووەکان لــە ســاڵی ١٩٧١ دا دەوڵەتانی جیهانی کرد بەسێ بەشەوە :

وڵاتە پێشکەوتوەکان ٢٥٪ جیهان پێـك دەهێـنن، تـازە پێگەیشتوو، لەگـەڵ دواکـەوتووەکان بـە هـەردووکیان لـە ٧٥٪ پێـك دەهێـنن، پاشـان سـێ پێوەریـان دانـابوو بـۆ وڵاتانی زۆر هەژارو گەشە نەکردوو، بەم شێوەیە:

١- کۆی داهاتی تاکە کەسی بۆ ساڵێك کـەمتر بێـت لـە ١٠٠ دۆلاری ئەمەریکی.

٢- کـۆی ئاسـتی پیشەسـازی لـە داهـاتی نەتـەوەیی لـە ڕێژەی لە ١٠٪ تێ نەپەڕێت.

٣- ڕێـژەی نەخوێنـدەواری تێیـدا کـەمتر نـەبێت لـە ڕێژەی لە ٨٠٪.

له ڕوانگەی ئەم پێوەرانەوە ٣٦ دەوڵەت دەچێتە ئەو ریزەوە، زۆرینەیان لە وڵاتانی ئیسلامیو عەرەبی وەك بەنگلادیش ساڵی ١٩٧٥، داهاتی تاکە کەسی ٤٦ دۆلار بوو لە ساڵێکداو، ڕێژەی هەژاری تێیدا گەیشتبووە ٧٤٪، ئەندەنوسیاش لە ساڵی ١٩٧٧ داهاتی تاکە کەسی ٣٨ دۆلار بوو لە ساڵێکدا، ڕێژەی هەژاریش گەیشتبووە ٨٠٪، ئێرانیش لەساڵی ١٩٧٦ داهاتی تاکە کەسی ٩٢ دۆلار بوو ڕێژەی هەژاریش لە ٣٨٪ بوو، میصریش لەساڵی ١٩٧٤ – ١٩٧٥ داهاتی تاکە کەسی ٨٧ دۆلار بوو لە ساڵێکدا، ڕێژەی هەژاریش لە ٣٨٪ بوو، باکوری نێجیریاش لەساڵی ١٩٧١ ڕێژەی هەژاری لە ٥١٪ بوو، سۆماڵیش ساڵی ١٩٧٦ داهاتی تاکە کەسی ٦٥ دۆلاربوو، ڕێژەی هەژاریش لە ٧٠٪ بوو[٢٤].

له یەمەنیشدا ڕیژەی هەژاری لە ١٩,١٪ لەساڵی ١٩٩٢ بەرزبوەوە بۆ ٥١,١٩٪ لەساڵی ١٩٩٧ ، بەمەشەوە نەوەستا ژمارەی هەژار زۆربوو لەسێ ملیۆن مرۆڤەوە بۆ نزیکەی نۆ ملیۆن مرۆڤی هەژار، بەڵکو ڕێژەی هەژاری ڕوتو ڕەچاڵ لە ٩٪ وە بوو بە ٢٤٪ لەهەمان ماوەدا، تەنانەت

---

[٢٤] مجلة صحة العالم

دیاردەی هەژاری هەندێك لە خاوەن بڕوانامەكانیشی گرتووەتەوە بەهۆی نزمی كرێو زۆری هەڵاوسان[٢٥].

ڕێژەی هەژاری كەمبونەوەیەكی بەخۆیەوە بینی لە نێوان سالآنی ١٩٨٧ — ١٩٩٨ ئەمەش لەنێوان ئەو خەڵكانەی كە داهاتی ڕۆژانەیان كەمتربوو لەیەك دۆلار ئەم دابەزینە لە ٢٨٪ وە بووە ٢٤٪ دواتر بەرز بووەوە لەسەرەتای سەدەی ٢١و بە بەردەوامیو تائێستاش، بەشێوەیەك هەژاری روتو ڕەجاڵ ناوەڕاستی ئەفەریقاو ئاسیاو، هەندێك لە ولآتانی ئەمریكای جنوبی گرتووەتەوە، بە بەردەوامیش داتاكان ئاماژەی بەرەو خراپتربوون دەدەنو، جیاوازی نێوان هەژارو دەوڵەمەند زۆرتر دەبێتو هەژارەكان چەندین كێشەی تەندروستیو كۆمەڵایەتیان هەیە[٢٦].

**هەموان هاوبەشن لەزەویدا:**

{وَالْأَرْضَ وَضَعَهَا لِلْأَنَامِ} الرحمن ١٠

ئەم ئایەتە قورئانیە ئاماژە بەوە دەكات كە مرۆڤایەتی هاوبەشو شەریكن لە خێرو بێری زەویدا،

---

[٢٥] الندوة العلمية عن الفقر والغني في الوطن العربي

[٢٦] تقرير عن التنميه فى العالم

ئاسایش‌و ئاسوده‌یی نایه‌ته‌دی ئه‌گه‌ر نادادپه‌روه‌ری و نا هاوسه‌نگی وه‌ك ئێستا به‌رده‌وام بێت، ئه‌وه‌ته له ٢٥٪ ی مرۆڤه‌كان بونه‌ته خاوه‌نی ٧٥٪ ی داهات‌و سه‌رمایه‌ی سه‌رزه‌وی‌و، نزیكه‌ی ٤٠٠ كۆمپانیاو كه‌سایه‌تی خاوه‌نی نزیكه‌ی له ٧٥٪ ی داهاتن، بۆیه پێویسته له‌سه‌ر مرۆڤایه‌تی ئه‌م كێشه‌و نا دادپه‌روه‌ریه چاره‌سه‌ر بكه‌ن، هه‌رچه‌ند خه‌ڵكانی چاوچنۆك‌و هه‌لپه‌رست ناهێڵن ئه‌م كاره بكرێت، به‌ڵام ئه‌و گه‌رده‌لول‌و قه‌یرانه داراییه‌ی جیهان ئاگادار كردنه‌وه‌یه‌كی سه‌خت‌و مه‌ترسیداربوو بۆیان، به‌شێوه‌یه‌كی وه‌ها ئه‌گه‌ر ده‌یه‌كی ئه‌و زه‌ره‌رو زیانه خه‌رج كرایه بۆ هه‌ژاران‌و پێیان بدرایه ته‌نها یه‌ك هه‌ژار له دنیادا نه‌ده‌ما، ئه‌مه‌ش بێگومان له ڕووی به‌رژه‌وه‌ندی ده‌وڵه‌مه‌نده‌كانه‌وه تاخه‌ڵكی به‌كاربه‌ر توانای كڕینی زۆرتربێت كاری وه‌به‌رهێنان چالاكتر ده‌بێت‌و قازانجی زۆرتر ده‌كه‌ن.

# بابەتی سێیەم

## جێکەوتەی هەژاری:

هەژاری جێکەوتەی جۆراو جۆری هەیە وەك جێکەوتەی ئابوریی‌و ڕۆشنبیری‌و زانستی‌و کۆمەڵایەتی‌و سیاسی، بە کورتی لەبارەیانەوە دەدوێین.

**یەکەم: جێکەوتەی عەقیدەیی‌و فیکری‌و ئەخلاقی**

هەژاری شوێنەواری خراپی دەبێت لەسەر بیرو باوەڕی خاوەنەکەی، ئەگەر ئیمانێکی دامەزراو و پتەوی نەبێت، چونکە لەوانەیە توشی گومان‌و دودڵی‌و ڕەش بینی ببێت لە حیکمەت‌و دانایی خودای گەورەو میهرەبان، جاری واهەیە مرۆڤی هەژار دەوڵەمەندێکی لوت بەرزی دەست بڵاوی بێ کارو پیشە دەبینێت، پاشان

سەیری خۆی دەکات کە شەوانە ڕۆژ ماندووەو کاردەکات بەڵام داهاتو پاشەکەوتی وەك پێویست نیە، لەبەر ئەمەیە پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ پەنای گرتووە بەخودا لە هەژاری‌و کافری وەك دەفەرموێت: (اللهم أني أعوذبك من الفقر، وأقلة، والذلة، وأعوذبك من أن أظلم أو أواظلم) رواه أبوداود، بەهەمان شێوە کاریگەری خراپی هەژاری ئینکاری ناکرێت لەسەر لایەنی فیکری مرۆڤ، بەشێوەیەك خاوەنەکەی سەرقاڵ دەکات بە پێویستیەکانی ژیانەوە بۆ خۆی‌و خێزان‌و منداڵەکانی‌و، کات‌و توانای نامێنێت بۆ بیرکردنەوەو داهێنان — بەزۆری وایە — بۆیە زانایان دەڵێن دادوەر نابێت لە کاتی برسێتیدا دادوەری بکات.

مەترسی هەژاری لەسەر ئاکارو ئەخلاق زۆر گەورەیە مەگەر خاوەنەکەی ئیمانێکی دامەزراوو پتەوی هەبێت، وەك دکتۆر یوسف قەرزاوی دەڵێت: هەژاری مەحروم نەبوونی و هەژارییەکەی ناچاری دەکات بەکارو کردەوەیەك کە لەدنیای ئەخلاق جوانی‌و بەها باڵاکاندا پەسەند نیە، بۆیە وتراوە: دەنگی برسێتی و مەعیدە زاڵ‌و بەرزترە بەسەر دەنگی ویژدان، لەمەش خراپتر

ئەوەیە هەژاری خاوەنەکەی دوو دڵو بەدگومان بکات لە ئەخلاق جوانیو رەهەندەکانی[٢٧].

چەندین فەرموودەمان هەیە باس لە پەیوەندیو نزیکی هەژاریو قەرزاریو خراپی ئەخلاق دەکات، وەك دایکی مسوڵمانان عائیشە بۆمان دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لەنوێژدا ئەم دوعایەی زۆر دەکرد: (أللهم إني أعوذ بك من المأثم والمغرم) واتە: (خودایە پەنا دەگرم بە تۆ لەگوناح باری و قەرزاری) کەسێك پرسی ئەی پێغەمبەری خودا زۆر پەنا دەگرت بەخودا لەقەرزاری ؟ فەرمووی: (مرۆڤ ئەگەر قەرزار بوو قسە دەکاتو تووشی درۆ دەبێت، بەڵێن دەدات و نایباتە سەر) رواه البخاری، ئیبن حەجەر دەڵێت: (لەم فەرمودەیەدا سوودی ئەوە وەردەگرین کە لە بایەخی (سد الذرائع)تێبگەین، چونکە پێغەمبەر پەنای گرت بەخودا لە قەرزاری، چونکە بە زۆری مرۆڤ توشی درۆکردن دەکات لە قسەداو بەڵێن دەداتو وەفای پێ ناکات، خاوەن قەرزیش قسەی خۆی هەیە لەسەر قەرزار)[٢٨].

---

[٢٧] الشیخ القرضاوي: المشكلة الفقر

[٢٨] فتح الباری

ئـەم فەرموودەیـە ئەگـەر چـی لـەبارەی قـەرزەوە هاتووە، بەڵام هۆکار لەمـەدا هـەژاریو کـەم دەسـتیە لـە دانـەوەدا، بـەڵکو چـەندین فـەرمودە هەیـە بـاس لـە پەیوەنـدی نێـوان هـەژاریو – ئەگـەر ئیمـانی دامـەزراو نەبێت – نێوان کارە قێزەونەکان وەك خوی دزیو زیناو چەندین تاوانو تێوەگلانی تر دەکات بەتاوانو خراپە.

**<u>دووەم</u>: شوێنەواری هەژاری لەسەر خراپی ئابوریی**

جێکەوتـەی خـۆی هەیـە لەسـەر عەقیـدەو، فیکـرو، ئـەخلاقو، ئـابوریو پێشـکەوتنە ئابوریـیـەکانو، گەشەپێدانی ئابورییو ئابوریی دەوڵەت لەم ڕوانگانەوە:

١- ئەگەر کۆمەڵگە هەژار بێت داهاتی گشتی دەبێتـە قـوتی خـەڵكو خـۆراکی ڕۆژانـە، دەبێـت لـەبری بەگـەڕ خستنی لە بواری وەبـەرهێنانو گەشـەپێداندا، دەوڵـەتو کۆمەڵگـە لەبازنـەیـەکی داخـراوی بەتاڵـدا دەسـوڕێنەوەو، بەئاسانی لێی دەرناچـن، لێـرەوە گەشـەپێدانی ئـابوریو

پێشکەوتنی ئابوریی لەسایەی هەژاریو ڕووتو ڕەچاڵیدا نایەتەدیو تەنها خەونێکەو هیچی تر.

٢- زۆربـوونو کەڵەکـەبوونی قـەرزەکان، لـە ئاسـتی دەوڵەتو تاکە کەسیدا بۆ دەستەبەر کردنـی پێویستیە بەکاربەرەکانی ڕۆژانە لەبری سەرقاڵ بوون بە نەخشەو پلانـی پێشکەوتنو ئاوەدان کردنەوە .

٣- پاشـکۆ بـوونی گـەلانو وڵاتـانی قـەرزدەر لـە بەرامبـەر ئـەو قـەرزەی دەدرێتـە وڵاتـە هـەژارەکان، ئەمـەش شـوێنەواری خراپـی دەبێـت لـە هـەموو ڕوویەکەوە.

٤- قۆرخ کاریو ئیستیغلالێکی زۆر، ئەمـەش وادەکـات هـەژار هەژارییەکـەی زۆرتـر بێـتو، دەوڵەمەنـدیش زۆر دەوڵەمەنـد ببێـت، چـونکە هـەژار ناتوانێـت ململانێـی کۆمپانیـا دەوڵەمەنـدە زەبەلاحـەکان بکـات ئیـدی ناچـار دەبێت ملیان بـداتێ بەهـەر مـەرجو داخوازییـەك ئـەوان دەیانەوێت.

٥- دابەزینی ئاستی بەرهەم هێنـان، ئەمـەش وادەکـات داهـاتو پاشـەکەوتو وەبـەرهێنان کـەمو لاواز بێـتو لێرەشەوە داهاتی تاکە کەسی کەم دەبێت، چونکە توانای هـەژار لاوازە لـەبواری پیشەسازیو کشتوکاڵدا، ئەمـەش

لەبـەر ئەوەيـە كـەناتوانێت وەك خـەڵكى تـر سـوود لـە تەكنـەلۆجياو كەرەسـە پێشـكەوتوەكان وەربگرێـت تـا بەرهەم هێنان زۆر زياتر بكات، خەڵكى هـەژار بـە زۆرى پشت بە كەرەسە سەرەتاييە سادەكان دەبەستن، ئەمـەش وادەكـات بەرهـەم هێنانيـان كـەم و لاوازبێـت، كەواتـە لـە داهاتى گشتى وڵات داهاتى تاكە كەس كـەم دەبێـت، بۆيـە شـارەزايان ئامۆژگـارى دەوڵەتـە هـەژارەكان دەكـەن كـە بەرهەمى خۆماڵى خۆيان زۆر بكەن بەتايبەت بەرهەمى پيشەسازى.

**شوێنەوارى ئابوريى لەسەر دەوڵەتـە هـەژارەكان بـەم شێوەيە :**

أ- كورتهێنـانى بودجـەى گشـتى بـە هـۆى كـەمى سەرچـاوەكانى داهاتـەوەو دابـەزينى ڕێـژەى داهاتـە گشـتيەكان ئەوانـەى دەبنـە سەرچـاوەى داهـاتى گشـتى و نەبوونى دەرفەت بۆ پێويست كردنـى بـاج يـان بەدەسـت خستنى باج و دەرامەتێكى گونجـاو كـە خـەرج بكرێـت لـە بوارەكـانى چـاودێرى خـۆراك و تەندروسـتى و، خزمـەت گوزاريـيە بنەڕەتيـەكان، بـەڵكو زۆرجـار ئەگـەر دەوڵـەت بـاج دابنێـت، يـان هاوكاريـيەكانى ڕابگرێـت لەسـەر شـتە بنەڕەتيەكان چەندين كێشەى جـەماوەرى ڕوو دەدات لـە

شێوەی نارەزایی کە دەبێت دەوڵەت هەزار جار حسابی بۆ بکاتو بەهەندی بگرێت، چەندین خۆپیشاندانو گردبوونەوەی نارەزایی گەورەو سەرتاسەری ڕوویداوە لە جیهانی سێیەمدا بەهۆی ڕاگرتنی هاوکارییەکانی دەوڵەت بۆ خۆراکی هاوڵاتیان وەك خۆپیشاندانی ساڵی ١٩٧٦ ی میسر بەهۆی کۆتایی هێنانی هاوکارییەکانی دەوڵەت بۆ نانی نانەواکان، یان بەهۆی هاوکاری نەکردنی دەوڵەت بۆ ئالیکی پەلەوەرو ئاژەڵ لە ئوردن، هەروەها لە عێراقدا ڕوویدا بەهۆی گران بوونی بەنزینەوە لە سەردەمی عەبدول کەریم قاسمەوە، ئەمەش بووە هۆکاری رشتنی خوێنی بە نارەواى دەیانو سەدان هاوڵاتی، هەروەك زەرەرو زیانە مادیو مەعنەوییەکانی بە چەندین ملیار دۆلار دەخەملێنرا، ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە ئەوەیە کە لە زۆربەی ئەو دەوڵەتە هەزارانە خۆپیشاندان ڕووی نەداوە بەهۆی دیکتاتۆرییەتو سەرکوتکردنی سیاسیەوە لەبەرەنجامی ترساندنو تۆقاندنی گەلە کانیانەوە !! .

ب- کورتهێنانی بڕی دراوەکان بەهۆی نا ڕوونی قەبارەو نرخی هەناردە کراوەکانو زیاتر بوونی نرخو قەبارەی هاوردە کراوەکان، بەشێوەیەك لە زۆربەی وڵاتە

هەژارەکان ڕێژەی هەناردەو هاوردە کراوەکان بریتیە ٣/١ سێیەك[٢٩] .

ج- زۆر بوونی قەرزە دەرەکیەکان، ئەمەش بەهۆی نەبوونی سەرچاوەی ئابوورییەوە، یان پیشەسازییەکی بەهێز، ئەمە جگە لەبوونی گەندەڵی کارگێڕی سەرەڕای ئەوانەی باسمان کرد، بێگومان ئەمەش دەوڵەت ناچار دەکات بەقەرز کردن بە ڕێگای زیادە (الفائدة)، یان بەهەر نرخێك بێت، دواتر قەرزەکان کەڵەکە دەبن‌و وڵات دەبێتە کۆیلەو خزمەتکاری ئەو لایەنەی قەرزو کۆمەکی پێداوە.

د- زۆر بوونی هەڵاوسان‌و داڕوخانی بەهای دراوی ناوخۆیی وڵات.

ه- زۆر بوونی تاوانی پەیوەندیدار بە ماڵ‌و سامان‌و گەندەڵی کارگێڕی[٣٠] .

**سێیەم: شوێنەواری خراپی هەژاری لەسەر زانست‌و ڕۆشنبیری‌و ژیری‌و دواکەوتوویی، بەم شێوەیە:**

---

[٢٩] د.حمدی عبدالعظیم

[٣٠] سەرچاوەکانی پێشوو.

١- هـەژار بـەزۆری سـەرقاڵی دەسـت خسـتنی پـارەو نانێکەو لەبری خەریك بوون بە زانستو ڕۆشـنبیریەوە، بۆیە کاتی پێویستی نابێت بۆ فێربوونو ڕۆشنبیر بوون.

٢- منداڵی هەژارەکان زۆرجـار بـاوكو کـەسو کاریـان ڕێگەیان نادەن بخوێنن وەك منـداڵی خـەڵکی تـر، بـەڵکو سـەرقاڵیان دەکـەن بـەئیشو کـار لـە هـەربوارێکی ئیشـکردندا بێـت، ئەمـەش وادەکـات زۆرینـەیان نەخوێندەواربن.

٣- زۆر کـات خـەڵکی هـەژار ناتوانێـت سـوود لەتەکنـەلۆژی سـەردەم وەربگرێـت بـەهۆی نـەبوونی سـەرمایەو پـارەی پێویسـت، بۆیـە لەهـەرکوێ هـەژاری هەبوو نەخوێندەواریش دەبێت، بەپێچەوانەشەوە.

٤- لـە زۆر کاتـدا هـەژاریو دواکـەوتوویی پێکـەوە بونیان دەبێت.

٥- بەڵام شوێنەواری خراپـی هـەژاری لەسـەر ژیـریو داهێنـان کـاری وەك شـارەزایان دەڵـێن لـەم ڕوانگەیـەوە دەبێـت: (بـەدخۆراکی زەرەرو زیـانی دەبێـت لەسـەر گەشـەکردنو پێگەیشـتنی مرۆڤـ، ئەمـەش بـە ڕێگـەی کاریگەری لەسەر قەبارەی لاشە، بەڵام لە منداڵدا دەبێتە

هـۆی دواكەوتوییـەكی مەترسـیدار)[٣١]، ئەمـە سـەرەڕای ئـەوەی هـەژاری لـەخودی خۆیـدا بوارێـك بـۆ داهێنـان ناهێڵێتەوە بەكێشەو گیروگرفتەكانیەوە.

شایانی باسە خۆش گوزەرانیو نغـرۆ بـوونیش لـەناو نازو نیعمەتەكاندا بەبێ هیچ كۆتو بەندێك شوێنەواری خراپـی دەبێـت لەسـەر ژیـانو زانسـتو داهێنـان كـاری، لەبەرئەمە بوو پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ پەنای دەگرت بەخودا لە خراپی و مەترسی دەوڵەمەنـدیو خراپـیو مەترسـی هەژاری.

## چوارەم: شوێنەواری هەژاری لەسەر بواری كۆمەڵایەتی

هـەژاری چـەندین جێكەوتـەی مەترسـیداری هەیـە لەسـەر بـواری كۆمەڵایـەتی، بەتایبـەتی ئەگـەر پەروەردەیەكی ئیمانی بەهێز نەبێت، لەگرنگترینەكانی:

١- نەخوێنـدەواریو نـەزانیو دواكـەوتویی — وەك باسمانكرد — .

٢- زۆربـوونی نەخۆشـی، گومـان لـەوەدا نیـە كـە زۆرینـەی نەخۆشـیەكان دەگەڕێنـەوە بـۆ بـەدخۆراكی، ئەمەش زۆرجار بەمردن كۆتایی دێت، یان دەبێتـە هـۆی

[٣١] البروفیسور ابل سمیث: الفقر والتنمیة، والسیاسة والصحة.

پەككەوتــەیی، بەداخــەوە كــەمی دەرمــانی پێویســت لــە جیهانی ئیسلامی ئەمڕۆماندا ئەمەش لەسایەی هەژاریدا وەك دكتــۆر تــەویل دەڵێــت: (هــەژاریو برســێتی ڕیشــەی خۆیان داكوتاوە لە خاكی مسوڵمانانندا)، یان بەڕێوەبــەری ڕێكخــراوی تەندروســتی جیهــانی لەســاڵی ١٩٦٣ دا دەڵێــت: (جێگــەی داخو پەژارەیــە كــە نیــوەی جیهــان یــان دوو لەسەر سێی تووشی برسێتیو بــەدخۆراكی هــاتووە)، یــان بەڕێوبــەری ڕێكخــراوی خــۆراكو كشــتوكاڵ لەســاڵی ١٩٨١ دەڵێت: (هیچ گۆڕانكارییەك بەرەو باشە ڕووی نەداوە لە خۆراكی ئــەو وڵاتانــەی داهــاتێكی كــەمو نــزمیــان هەیــە)، كەسانێكی تریش دەڵێن: (ڕێژەی لە ٧٠٪ منداڵانی وڵاتــە هەژارەكان هاواریان هەیە لە دەست برسێتی)، بێگومــان هۆكاری یەكەمی كەمی خۆراكو بەدخۆراكی بریتیــە لــە هەژاری[٣٢].

٣- زۆر بوونی ڕێژەی مردن، زۆربەی شارەزایان مردن بەڕایــەڵێكی بــە هێــز دەبەســتنەوە بــە هەژارییــەوە، بــە مانایــەكی تــر مردنــی زۆرینــەی خــەڵك – پێشــتر باســی شــوێنەواری برســێتی و كاریگەریەكــەیمان كــرد لەســەر منــداڵ – وەك شــارەزایان دەڵــێن كــەمی ڤــیتامین A

---

[٣٢] د. الطويل : سەرچاوەكانی پێشوو

دەبێتە هۆی لە دەست دانی چاو، ڕێژەی ٦٠-٧٠٪ ی لە دەست دانی چاو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆکارە، قوربانیەکانیشی خێزانە هەژارەکانن، بەهەمان شێوە نەخۆشی تەراخوما، کە یەکێکە لە هۆکارەکانی کوێربوون بە زۆری دەگەڕێتەوە بۆ کەم خۆراکی، ڕێژەی توشبوان بەو نەخۆشیە بەزیاتر لە چوارسەد ملیۆن دەخەملێنرێت، ئەم نەخۆشیانەش زۆرینەیان لە ولاتە تازە پێگەیشتووەکاندایە(٣٣)

بەڵکو لەدایك بوونی تەندروستی سەردەمیانە وابەستەی چەند هۆکارێکە لەوانە تەندروستی دایك و باوك، بەتایبەتی دایكو خۆراکەکەیو ئەو نەخۆشیانەی توشی هاتووە، هەروەها خۆراکی منداڵو ژینگەکەی لە ڕووی پاكو خاوێنیو کەشو هەواوە، چەند نەخۆشیەکی مەترسیدار هەیە لە ولاتی مسوڵمانان‌دا لەو نەخۆشیانەن کە بەهۆی هەژاری و مەحرومیەتەوە سەرهەڵ دەدەن لەبەرەنجامی خراپی خۆراكو پیسی ئاوی خواردنەوەو نەبوونی جێگای نیشتەجێ بوونی گونجاوو خاوێن، لەوانە نەخۆشی سیلو (تەدەرون) کە تا ئێستاش بونیان هەیە لە ولاتە هەژارەکانداو

---

(٣٣) د. نبیل الطویل

قوربانیەکانیان نزیکەی سێ ملیۆن کەسە لە ساڵێکدا، لەوانە نەخۆشی گولی کە بارودۆخی کۆمەڵایەتیو ئابوری ڕۆڵیان هەیە لەسەری، لەوانە نەخۆشی بەلهارزیا کە پیسی ئاو هۆکارە بۆ گواستنەوەی، توشبوانی ئەم نەخۆشیە بە دووسەد ملیۆن کەس دەخەملێنرێت، ئەم نەخۆشیە بلاوە لە میسرو، نێجیریاو سودانو ئێرانو چەندین وڵاتی تر، لەوانە نەخۆشی مەلاریا نزیکەی یەك ملیۆن منداڵی پێ دەمرێت لە ئەفەریقا، لەگەڵ نەخۆشی خەوی ئەفریقی، هۆکاری ئەمەش میکرۆبێکە ... ئەمەش یەکێکە لە مەترسیەکان لەسەر تەندروستی مرۆڤو گەورەترین کۆسپی ڕێگای گەشەکردنی کەرتی کشتوکاڵو پیشەسازییە، ژمارەی توشبوان(٤٥) ملیۆن مرۆڤە، ئەمەش دەگوازرێتەوە بەهۆی مێشێکەوە ناوی (تسی تسی) یە ئەم نەخۆشیە لە مرۆڤدا گۆڕانکاریەکی فەسیۆلۆجی دروست دەکات کە لەشەودا خەبەرەو لە ڕۆژدا وەنەوز دەدات، ئەمەو چەندین نەخۆشی تریش[٣٤].

٤- کەمی خزمەت گوزاریو تەندروستی نیشتەجێ بوون، بێگومان ئەم کێشانەو چەندینی تریش هەموویان

---

[٣٤] د.ماهلر، المدير العام لمنظمة الصحة العالمية

پەیوەندییان هەیە – ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ – بە هەژاریو کەم دەرامەتیەوە، بۆ نموونە خزمەتگوزاری تەندروستی لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا (ڕۆژئاوا بەنموونە) بۆ ٢٥٠ تا ٥٠٠ مرۆڤ پزیشکێك هەیە، بەڵام لە وڵاتانی دواکەوتوودا (بە زۆربەی وڵاتە ئیسلامیەکانەوە) بۆ ٧٤٠٠ تا ١٨٠٠٠ مرۆڤ یەك پزیشك هەیە[٣٥].

ئەمەو گەلانی هەژار بە دەست کەمی خزمەتگوزارییە بنەڕەتیەکانەوە دەناڵێنن لە ئاوی پاك بۆ خواردنەوەو شوێنی نیشتەجێ بوون، سەرچاوە هەواڵیەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەڵێت: (زیاتر لە نیوەی دانیشتوانی بەنگلادیش لە خوار ئاستی هەژارییەوەن، سەرچاوەی هەواڵی رویتەر دەڵێت: (لە ١٠٪ ی دانیشتوانی (دکا) بە سواڵ کردن دەژین، لەو رێژەیە لە ٣٤٪ یان ئافرەتەو، لە ١٢٪ یان منداڵو مێرد منداڵن لە کوڕانو کچان، دکتۆر طەویل دەڵێت: (خۆم دەمبینی بۆ چەند ساڵێك کە هەزاران کەس لە شۆستەی شەقامەکان کارتۆنیان ڕادەخستو لەسەری دەنوستن .... لاشەیەکی لاوازو نەخۆشو برسی بێچارە هیچ پەناو

---

[٣٥] د.حمدی عبدالعظیم:فقر الشعوب

سایەیەکیان نەبوو ..... هەماهەنگیو هاوکاری مرۆییو ئیسلامی کامەیەو لەکوێ یە)[٣٦].

دکتۆر حەمدی عەبدولعەظیم دەڵێت: (لەخشتەی ژمارە هەشتدا ئەوە تێدەگەین کە ڕێژەی ئەو دانیشتوانەی کە ئاوی خاوێنی خواردنەوەیان دەست دەکەوێت لە وڵاتە هەژارەکان زۆر کەمەو لە نێوان ٨٠٪ بۆ ٦٠٪ دەبێت، بەڵام لە وڵاتە پێشکەوتووەکان لە ڕێژەی ١٠٠٪ کەمتر نیە، ئەمە سەبارەت بە خزمەتگوزاری تەندروستی لە وڵاتە هەژارەکان لە نێوان ٦٠٪ لە پاکستانو، ٢٢٪ لەجەزائیر، ئەمە لە بەرامبەر ڕێژەی ١٠٠٪ لە وڵاتە پیشەسازییە پێشکەوتوەکاندا )[٣٧].

٥- پاشکۆبوونی کۆمەڵایەتی، ئەمەش بەو مانایەی زۆرینەی دەوڵەمەندەکان تواناکانی خۆیان بەگەڕ دەخەن بۆ ژێر بارخستنی هەژارەکان بە پێی بەرژەوەندی ئابووریو سیاسی خۆیان، زۆرجار دەنگەکانیان دەکڕن بۆ مەرامی سیاسی خۆیانو بۆ گەیشتن بە پلەو پایە، ئەمە سەرەڕای پاشکۆ بوونی کۆمەڵایەتی بۆ ئەو دەوڵەتانەی کە هاوکاریو قەرزیان

---

[٣٦] د. الطویل : سەرچاوەکانی پێشوو

[٣٧] د. حمدی عبدالعظیم: سەرچاوەکانی پێشوو

دەدەنــێ، بێگومــان ئــەوان مــاڵو ســامانی خۆیــان بــە خۆڕاییو بەبێ مەرام نادەن، بەڵکو لەبەرامبەردا هەوڵی دروســتکردنی کێشــەو دووبــەرەکی دەدەن لــە کۆمەڵگــە هەژارەکانــدا لــە ڕووی ئــاینیو کۆمەڵایەتیــەوە، بەمــەش زۆرتر ناچاری دەکەن بەملکەچیو پابەنـدی بـەخۆیان، هـەروەك لـە سـەردەمی شـەڕی ساردا ڕووی دا، ئـەوەبوو جیهـان دابــەش کرابــوو بــۆ دوو هێــزی ســەرمایەداریو شـیوعیو هـەر دەوڵـەتێك کۆمـەکی پـێ دەبەخشـرا بـەو مەرجەی پشت بکاتە هێزو لایەنەکەی تر.

٦- پەیوەنـــدیو تـــەواوکاری نێـــوان هـــەژاریو دواکەوتوویی، بەشێوەیەك بوونی هەژاری — بـە تایبـەت هەژاری ڕوتو ڕەچاڵ — کاریگەری لەبەرچاوی دەبێت لە ڕووی دواکەوتووییەوە لەسەر کۆمەڵگە، چونکە هـەژاری برسی ناتوانێت هاوکارێکی باش بێت لەسەر گەشەپێدان، مەگەر هاوکاری بکرێتو دەستی بگیرێت[٣٨].

٧- جێکەوتەی هەژاری لەسەر نەخوێندەواری ئافرەت کـە نیوەیـەکی کاریگـەری کۆمەڵگەیـە، ئـافرەت لەسـایەی کۆمەڵگە هەژارەکاندا دەرفەتی خوێنـدنو فێربـوونی بـۆ ناڕەخســێت، بۆیــە لێکۆڵینــەوە زانســتیەکان بــاس لــە

---

[٣٨] د.اسماعيل حمادى: تعقيبه المسمى: التلازم بين التخلف والفقر والجوع.

پەیوەندیو تەواوکاری هەژاریو نەخوێندەواری دەکەن، هەژاریو مەحرومیەت ژینگەیەکی پڕ لە ڕێگریو ئالۆز دروست دەکات کە ڕێگر دەبێت، یان کەم کەرەوە دەبێت بۆ فێربوون بە گشتی، یان بە لای کەمەوە فێربوونی کاریگەر.

٨- کۆچ کردنی عەقڵی زانستیو دەستی کارو بەتواناکان بۆ دەرەوەی وڵات، ڕاپۆرتە نوێکان لە هیندستاندا — بە نموونە — ئاماژە بەوە دەدەن کە نزیکەی لە ٣٠٪ دەرچوانی پەیمانگای دادوەریو زانستی کۆمپیوتەرو کیمیاو ئەندازیاری میکانیکی لە هیندستانەوە ساڵانە کۆچ دەکەن بۆ ئەمەریکا و کەنەداو[٣٩] شوێنانی تر.

لە قاهیرە کۆنگرەیەك بەسترا تایبەت بەم دیاردە مەترسیدارە، گەیشتنە ئەو دەرەنجامەی کە ئەم کارە چەندین هۆکاری هەیەو لە چوارچێوەی ئەو باسکردنەدا باس لەوەکرا کە تەنها میسر (٨٢٤٠٠٠) زانا لەبوارە جیاجیاکاندا [٤٠] ئەو وڵاتەیان بەجێ هێشتووەو کۆچیان کردووە بۆ وڵاتانی تر، بە هەمان شێوە ڕۆژنامەی

---

[٣٩] د. حمدی عبدالعظیم: سەرچاوەکانی پێشوو

[٤٠] موقع البلاغ

(الحياة) لێکۆڵینەوەیەکی بڵاوکردوەتەوە کە مەڵبەندی خەلیج بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیژی لە ئیمارات ئامادەی کردووە دەڵێت: وڵاتە عەرەبیەکان ساڵانە نزیکەی (٢٠٠) ملیار دۆلار زەرەر دەکەن بەهۆی کۆچ کردنی زانا بلیمەتەکانیانەوە بۆ وڵاتانی دەرەوە، هەر لەو لێکۆڵینەوەیەدا هاتووە کە ٥,٤٪ لە ڕێژەی قوتابیانی عەرەب کە لەدەرەوە دەخوێنن دواجار ناگەڕێنەوە بۆ وڵاتەکانی خۆیانو ڕێژەی لە ٣٤٪ پزیشکە پسپۆرەکانی بەریتانیا عەرەبن (شایانی باسە ژمارەی پزیشکی عێراقی لە بەریتانیا ٢٠٠٠ پزیشکە) بەگشتی لە ٧٥٪ توانا زانستیەکان کۆچ دەکەن بەرەو ئەمەریکاو بەریتانیاو کەنەدا[٤١]، ئەوەی تێبینی کراوە ئەوەیە کە کۆچ کردنی توانا زانستیەکان کاریگەری نەرێنی دەبێت لەسەر باری کۆمەڵایەتیو زانستیو ئابوریی، ئەمەش هۆکارەکەی بۆ هەژاری دەگەڕێتەوە.

٩- لەبەریەك هەڵوەشاندنی خێزانو زۆربوونی ڕێژەی تەڵاق، یان ژن نەهێنانو شونەکردن لە بنەڕەتدا، تەنانەت ئیسلامیش فەرمان دەدات بە مرۆڤە هەژارەکان کە پاك داوێنی خۆیان بپارێزن وەك قورئان

---

[٤١] جريدة الحياة اللندنية في ٢٠٠٥/٤/٦

دەفـەرمویێت: {وَلْيَسْتَعْفِفِ الَّذِينَ لَـا يَجِـدُونَ نِكَاحـاً حَتَّـى يُغْنِيَهُمْ اللَّهُ مِن فَضْلِهِ }النور٣٣

ئەمەش لەبەر مەترسیو کاریگـەری خراپـی هـەژاری لەسەر خێزان، چونکە خێزان ئەگـەر سامانو پارەیـەکی نـەبێت خـەرج بکرێـت بـۆ خێـزان و منـداڵی برسـیو، مەترسیی مردنیـان لەسـەر دەبێـت بـەهۆی نەخۆشـی و کەم خۆراکیەوە ..

– ئەگەر دیندارو لەخوا ترس نەبن – بیر لە هەموو هۆکارێك دەکەنەوە بۆ دەست خستنی پارە، بۆیە زۆرجار بازرگـانی مـاددە هۆشـبەرەکان هـەژارەکان فریـوودەدەنو بـۆ مــەرامی خۆیــان بــەکاریان دەهێــنن لەبەرامبــەر پارەیــەکی کەمــەوە تــا توشــی زینــدانو چــارە ڕەشــیان دەکـەن، ئەوەتـە خـودای گـەورە ئامـاژە بـەکارو ڕەفتـاری نەفامـەکان دەکـات لـە کوشـتنی منداڵـەکانیان لـە ترسـی هــەژاریو، ترســان لــە توشــبوون بــە هــەژاری وەك دەفەرمویێت: { وَلاَ تَقْتُلُواْ أَوْلاَدَكُم مِّنْ إمْلاَقٍ نَّحْنُ نَرْزُقُكُمْ وَإِيَّاهُمْ} الأنعام١٥١

یان دەفـەرمویێت: {وَلاَ تَقْتُلُواْ أَوْلادَكُـمْ خَشْـيَةَ إِمْـلاقٍ نَّحْنُ نَرْزُقُهُمْ وَإِيَّاكُم إنَّ قَتْلَهُمْ كَانَ خِطْءاً كَبِيراً} الإسراء٣١

له وردەکاریو واقیع بینی فیقهی ئیسلامی، زانایان ڕێگایان داوە بە دادگا تەڵاق بخرێت لە نێوان خێزانەکاندا بە هۆی هەژاریو نەبوونی توانای خەرجی کێشان.

١٠- زۆر بوونی تاوان لە ناو لاوانو ئافرەتانو تازەپێگەشتواندا، گومانی تێدانیە کە هەژاری ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە و تاوانانەی کە ڕوو دەدات لە نێوان لاوانو ئافرەتاندا، ئەوەتە زانستی کۆمەڵناسی لە شیکارو ڕاڤەی تاوانەکاندا گوزەرانو باری ئابوریی خێزانەکان لە پلەی یەکەمی بەرپرسیارێتیدا دادەنێن لە توشبوون بە تاوانو سەرپێچی، بۆیە پەیوەندییەکی پتەو هەیە لە نێوان تاوانو ئابوریدا، دەبینین ئەو کۆمەڵگاو ژینگەیەی هەژاریو بێکاری باڵی کێشاوە بەسەردا لەو جێگایەدا زۆرترین تاوانی دزیو گزیو دەستدرێژیو کوشتنو خوێن ڕێژی ڕوودەدات[٤٢] - بێگومان ئەمە کاتێك وایە کە ئەو کۆمەڵگەیە دور بێت لە ئەخلاقو بەها باڵا جوانەکانی ئیسلام - هەندێك لە لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتیەکان باسی ئەوە دەکەن کە ڕێژەی ٢٥٪ منداڵی جێگا هەژارەکان پەنا بۆ تاوان دەبەن، ئەمە لە

---

[٤٢] د.سامية حسن الساعاتي: الجريمة والمجتمع

کاتێکدا جێگا پێشکەوتوو دەوڵەمەنـدەکان ئـەو ڕێژەیـە تەنها لە ١٪، بەهەمان شێوە لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتیـەکان ئامـاژە بـەوە دەدەن کـە بڵاوبونـەوەی داوێـن پیسـیو لەشفرۆشی پەیوەندییەکی بە هێزی هەیە بـە هـەژاریو ناوچـە هـەژار نشینەکانەوە، لەسـەردەمی ئەربەکانـدا — ئـەو دەمــە ســەرۆکی ئەنجومــەنی وەزیــران بــوو — چــاوپێکەوتن کــرا لەگــەڵ ئافرەتــە خــراپو داوێــن پیسەکانی تورکیادا، دەرکەوت کـە زۆرینـەیان نـا لـەباری ژیانو گوزەرانو نـەزانیو نـەفامی توشـی ئـەو حاڵەتـەی کردوونو، ڕێژەی ٩٥٪ یـان ئامـادەن واز لـەو کـارە بهێـنن ئەگـەر ژیـانێکی بـاشو هاوسـەرێکی چـاکیان هـەبێت[٤٣]، بۆیــە لێکۆڵـەرەوەکان هەنـدێکیان جیـاوازی دەکـەن لـە نێـوان ئـەو ئافرەتـە داوێـن پیسانەی کـە هـەژاریو کـەم دەستی ناچاری کردون بـەوکارە، لەگـەڵ ئـەو ئافرەتانـەی کــە هــەمان کــاری داوێــن پیســی دەکــەن لــە وڵاتــە پێشکەوتوەکاندا بۆ ئارەزو بازیو ڕابواردنی خۆیان[٤٤].

بەهــەمان شــێوە ئەوانــەی مــاددە بێهۆشــکەرەکان بــەکاردەهێننو بازرگــانی پێــوە دەکــەن، هەنــدێك

---

[٤٣] خۆم خوێندمەوە لەرۆژنامە تورکیەکاندا لەساڵی ١٩٩٦ز.

[٤٤] د.رشدی فکار:تأملات اسلامیة في قضایا الانسان والمجتمع

لێکۆڵینــەوە دەریــان خســتووە: زۆرتــرین بانــدەکانی خـواردنو بازرگـانی کردنیـان بـەمادده هۆشـبەرەکانەوە هـــەژارەکانن، لەگـــەڵ نەخوێنـــدەوارو نەزانـــەکان، دەوڵەمەنـدەکان بــە پلــەی سـێیەمو کۆتــایی دێــن لــە تێــوەگلان بــەو تاوانانــە، ئەمــەش لەبــەر ئەوەیــە کــە نــەزانیو بەدبــەختی زۆرتــر لــەناو ئەوانــدا بــڵاوە[٤٥]، ســەرژمێریەکان ئامــاژە بــەوە دەدەن کــە لەهیندســتاندا بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان گەیشتووەتە (٢٥٠) تەن لە ساڵی ١٩٨٧ لە پاکستانیش گەیشتووەتە ٣٤ تەن [٤٦]، لـە لێکۆڵینەوەیەکی ئەنجومەنی دایکانو منـداڵان لـە میسـر دەرکـەوتووە کـە ١٦٪ ی گـەنجان مـادده هۆشـبەرەکانیان تاقیکردوەتــەوەو، ٤٪ یــان ئــالودەبوون پێــی، میســر لــەم دەساڵەی کۆتاییدا ١٧٨ ملیار جونەیهی بە فیڕۆ چووە لەو پێنـاوەدا[٤٧]، لــە واقیعـدا مـادده هۆشـبەرەکان زۆر بـووە تەنانەت لە وڵاتە دەوڵەمەندەکانی وەك کەنداو، ئەمەش ئــەوە دەخوازێــت کــە لێکۆڵینــەوەی وردی لــە بــارەوە بکرێـتو هـەموو ڕەهەنـدو هۆکارەکـانی دیـاری بکرێـت

---

[٤٥] د. السيد على الشتا: علم الاجتماع الجنائى.

[٤٦] د. حمدى عبدالعظيم: سەرچاوەکانی پێشوو

[٤٧] موقع عمرو خالد على شبكة الانترنيت.

نـەك ببەسـتڕێتەوە بـە تـەنها هۆكارێكـەوە، بۆیـە ئـەو ڕێژانەی دەكرێت باوەڕیـان پـێ بكرێـت لەگـەڵ بـە تـاڵان بردنو ئیستیغلال كردنی هەژاران بۆ ئەو كارە.

## پێنجەم: جێكەوتەی سیاسی لەسەر هەژاری:

هـەژاری لـە كۆمەڵگـەدا چـەندین گرفـتو كێشـەی سیاسی بە دوایی خۆیدا دەهێنێت لەوانە:

١- سەركوت كاری سیاسـیو پاشـكۆ بـوونی سیاسـی لـە نـاوخۆدا بـۆ ئـەو هێـزو لایەنانـەی خـاوەنی پـارەو دەسەڵاتن، لە ناوخۆدا ویژدانی خەڵك دەكـڕنو خۆشـیان دەبنە پاشـكۆی دەوروبـەرو وڵاتـانی دەرەوە، واتـە پاشـكۆ بوون بۆ ئەو دەوڵەتانەی كە قەرزو كۆمەكیان پێداون.

واقیعـی گـەلانی هـەژارو كـەم دەرامـەت ئەوەیـە كـە دەنـاڵێنن بـە دەسـت سـەركوتكاری سیاسـیو تـاكڕەویو دیكتاتۆریەتی ڕەهاوە، هەژاری كاریگەری زۆری هەیە لـە دروست بوونی دیكتاتۆرو لایەنی سەركوتكار كە هەمیشە دروشمی گەورەو بەڵێنی بێ ناوەرۆكیان هەیە بۆ خـەڵكی هــەژارو نــەزانو خــەڵكی وشــیارو ڕونــاكبیریش دوور دەخەنــەوە لـە ناوەنـدی بڕیـار و، بەشـداری سیاسـی و دامەزراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی، لـە بەرامبـەردا ڕۆڵـی

زۆر دەدەن بــە هێــزە ســەربازییەکانو خەرجیــەکی خــەیاڵیان بــۆ دەکــەن[٤٨]، لەمــەوە بــە روونــی بۆمــان دەردەکـەوێت سیاسـەتی برسـی کـردنو هەژارخسـتن لـە وڵاتانی لەمەڕ خۆمان لە جیهانی ئیسلامی ئامادەکارییـە بۆ داگیرکردنێکی نوێ.

٢- نـــا جــێگیریو پشــێوی سیاســـی، ڕابـــردوو ســەلماندویەتی کــە هــەژاری یەکێکــە لــە هۆکارەکــانی پشـێویو نــاجێگیری، هــەژاریو مەحرومیــەت هۆکــاری زۆربــەی کێشــە سیاســیەکانەو دەوڵەمەنــدی گــەلو خۆشــگوزەرانی خــەڵك لــە گــرنگترینی هۆکارەکــانی ئاسـایشو دڵ ئارامیـە، چـونکە ئاسـایش لەبەرژەوەنـدی خەڵکی دەوڵەمەندەو، ماڵو سامانو ژیـانی بـەو ڕێگایـە دەپارێزێـت، ئەمـە جگـە لـەوەی کـە کۆمەڵگـەی هـەژارو مەحروم ڕێژەی خوێندەوار تێیدا کەمەو نەخوێندەواری بڵاودەبێتـەوە، لـەو سەروبەندەشـدا دوورنیـە خـەڵکی هەژاری خێر لە خۆنەدیو ئەوانەی بـە دەسـت برسـێتیو نەدارییــەوە دەنــاڵێنن هەرچــی توانــاو لێهــاتنی خۆیانــە بیخەنە گـەڕ بـۆ دروسـت کردنـی پشـێویو نـا ئـارامی تـا هــەموان وەك یــەك لــە ناخۆشــیدا بــژین، ئەمــەو وەك

---

(٤٨) سەرچاوەکانی پێشوو.

بەدوور نازانرێت کە لەلایەن دوژمنانەوە بەکار بهێنرێن بۆ دروستکردنی پێشویو ئالۆزی، وەك لە ئێستادا ڕوو دەدات لەوڵاتە هەژارەکاندا.

## بابەتی چوارەم

**هۆکارەکانی هەژاری:**

**هەژاری چەند هۆکارێکی هەیە لەم چەند خاڵەدا کورتیان دەکەینەوە:**

**یەکەم: هۆکارە خودییەکان پەیوەندی بە خودی هەژارەکەوە هەیە بەم شێوەیە:**

١- کار نەکردنو نەگرتنەبەری هۆکاری کارکردنو پاشەکەوت کردنو وەبەرهێنان.

٢- نەخۆشیەکان بە هەموو جۆرەکانیەوە.

٣- پیریو پەککەوتەیی.

٤- كولتــوری پشــت تێكــردنو تەمــەڵیو خەمســاردی و پاڵدانــەوە لــەبری لێبڕانو كـاركردن، چونە ژێربـاری خـەرج كردن لەبری وەبەرهێنان.

٥- بــە كــەم ســەیركردنی هەنــدێك كـارو پیشــە لــەلای هەندێك لە خەڵكەوە.

٦- نەخوێندەواریو نەزانیو دواكەوتوویی .

٧- كەڵەكـەبوونی قـەرزاری، بـە تایبـەت قـەرز بـە ڕێگـای سوو خۆری (الربا) .

٨- چــونە نــاو كــاری بازرگانیــەوە بــە بــێ شــارەزاییو توشبوون بە زیانی گەورە.

## دووەم: هۆكارە دەرەكیەكان، وەك:

١- شــەڕی نــاوخۆییو دەرەكــیو پشــێویو ئــاژاوە ناوخۆییەكانو نەبوونی ئاسایشو ئارامی، ئەم هۆكارە لە گـرنگترینی هۆكـارە دەرەكیەكانـە، ئەمـەش بـە ڕوونـیو ئاشـكرا دیـارە لـە وڵاتـە ئیسلامیەكانی لەمـەڕ خۆمـانو جیهانی سێیەم بە گشتی، بە نموونە چەند پـارەو سـامان بە فیڕۆ درا لە جەنگی نێوان عێراقو ئێراندا، پاشـان لـە داگیركردنی كوێتـدا، پاشـان لـە ڕزگاركردنیـدا، دواتـر لـە داگیر كردنی عێراقدا، بێگومان ئـەوبڕە پارەیـە لـە یـەك

ترلیۆن دۆلار زۆرتـره، ئەگـەر ئـەم بـڕه پارەیـە لـەبواری گەشـەپێداندا خـەرج بکرایـە، بـۆ بنـەبڕکردنی هـەژاری دەتـوانرا هـەژاری قەڵاچـۆ بکرێـت، بـەڵام جگـە لـەوەش زیاتـر لە ٤٠٠ جەنگ لە شەست ساڵی ڕابـردوودا ڕوویـان داوه لە جیهانی سێیەمدا.

٢- داگیرکـردنو ئیسـتیغلالکردن، داگیرکـاری ڕۆژئـاوا چەندین سەدەیە لەسەر خێرو بێـری جیهـانی ئیسلامی دەژیو سامانو داهاتی بە تاڵان دەباتو لـە بەرژەوەنـدی خـۆی بـەکاری دەهێنێت، لـە پێنـاو مانـەوەو بـەردەوامی خۆیـدا یاسـای (فـرق تسـد) جێبـەجێ دەکـاتو ئـاگری فیتنــەو دووبــەرەکی تــاو دەدات لــە نێــوان گــەلانی مسـوڵمانداو، لـە نێـوان یـەك گـەلو یـەك وڵاتـدا، چـۆن بینیمان یارمەتی شۆڕشی گەورەی عـەرەبی دەدا لـە دژی دەوڵـەتی عوسمانیـەکان تـا روخێنـرا، دواتـر جیهـانی عـەرەبی پارچـە پارچـە کـردو جیهـانی تـوركو کـوردی دروســت کــرد، دواتــریش لــەناو جیهــانی ئیســلامیو عەرەبیدا دەوڵەتی جولەکەی دروستکردو بـوه هۆکـاری دروسـتبوونی چـەندین جـەنگو ئـاژەوه، پاشـان جیهـانی عـەرەبیو ئیسـلامی بـەو کێشـانەوه سـەرقاڵبوو – مـافی خۆشــیەتی ســەرقاڵببێت – ئەمــەش بویــە هۆکــاری

وەستانی گەشەپێدان و پێشکەوتن، لەو پێناوەشدا سەدان ملیار دۆلار خەرجکرا ئەگەر ئەو بڕەپارەیە لەبواری گەشەپێداندا خەرج بکرایە بێگومان ئەمڕۆ ژیانێکی پێشکەوتوومان دەبوو.

٣- زوڵمو ستەمکاری بە هەموو جۆرەکانیەوە، بە تایبەتی دەست درێژی کردنە سەرماڵو سامانو مافە گشتیەکانو زوڵمکردن لە خەڵکێك داهاتێکی کەمو دیاری کراوی هەیە .

٤- گەندەڵی داراییو کارگێڕیو ئابورییو سیاسی ئەمانە وشكو تەڕیان پێکەوە سوتاندوەو نا ئومێدییەکی گەورەیان دروست کردووە.

٥- کارەساتە سروشتیەکانو ئەو وێرانکارییەی کە بەو هۆیەوە ڕوودەدات لە هەڵتەکاندنی ژێرخانی ئابوریی، لە بواری کشتوکاڵو پیشەسازی، وەك توسونامیەکەی ئەندەنوسیاو بومەلەرزەکانی جیهانی ئیسلامی، بە هەمان شێوە نەخۆشیە گشتیو بڵاوەکان هەموو ئەمانە دەبنە کۆسپو ڕێگر لە گەشەپێدانی ئابوریی — وەك لە پێشەوە باسکرا — .

٦- بوونی دەوڵەتانێکی زاڵمو ستەمکار لە جیهانی سێیەمدا بە زۆری لە بەرامبەر نەبونی دەوڵەتێکی

هەڵبــژێراو لــە گەلــەوە هــەڵ قوڵابێــتو هــەردوولایان یەکتریان خۆش بوێت[٤٩]، بەو مانایەی دەوڵەت کار بکات لە پێناو دەستەبەر کردنی بەرژەوەندیەکانی گەلدا، نەك لـە پێنـاو خـودی خـۆیو کەسـانێکی کـەمو تایبـەت، بـە دڵسۆزیو لێبڕانەوە گـەل بـەرەو پێشکەوتن و ئاسـودەیی ببـات، بــە گەشــەپێدانو ئــاوەدان کردنــەوەو داهێنــانو شارســـتانیەت، ببێتـــە کۆکـــەرەوەی، کـــۆنێکی چـــاكو تازەیەکی بە سوودو سەرجەمی ئەو هۆکارو میکانزمانـە بگرێتەبەر کە بـەخێرو قـازانجی گـەل دەگەڕێتـەوە، لـەم کارانەشــدا ڕاوێــژ بــە خــەڵکی پســپۆڕو دڵســۆز بکــاتو ســودیان لێوەربگرێــت کــار بــە پــرۆژەو پێشــنیارەکانیان بکات ... لەبەر نەبوونی دەوڵەت بەم وەسفو شێوازە لـە جیهانی سێیەمدا دواکەوتن لەسـەر دواکـەوتن دەبیـنین لەجیاتی  پێشکەوتنو گەشـەپێدان، وێرانکاری دەبیـنین لەبری ئاوەدان کردنـەوە، دواکـەوتوویی دەبیـنین لـەبری فێربوونی شارستانیەت.

٧- بـــەکار نـــەبردنی سەرچـــاوەکان یـــان خـــراپ بــەکارهێنانیان، لەگــەڵ نــا دادپــەروەری لــە دابــەش کردنــی

---

[٤٩] ئاماژەیە بۆ ئەو فەرمودەیەیی پێغەمبەر کەدەفەرموێت:( خيار أئمتكم الذين تحبونهم ويحبونكم، ويصلون عليهم، وشرار أئمتكم الذين تبغضونهم ويبغضونكم وتلعونهم ويلعنوكم) رواه مسلم

داهاتـەکانو سـەر لـەنویٚ دابەشـکردنەوەی، ئەمـە جگـە لـە نەبوونی هاوکاریو هەماهەنگی بە پێی پێویست — لە ڕووی ئیسلامەوە —.

٨- کارنەکردن بە فیقهی گرنگترینو لە پێشترینو دەست پێکردن بە کاری گرنگو پاراستنی هاوسەنگی.

٩- زۆر بـوونی هەڕەمـەکی ڕێـژەی دانیشـتوان بـە بـێ لەبەرچاوگرتنی بوارەکانی پـەروەردەی پێویستو، چاودێری تەندروستیو، بواری فێرکردنو، هاوشێوەکانیان[٥٠] .

## پرۆگرامی ئیسلام لە چارەسەری کێشەی هەژاریدا
## ( بەکورتی )

چارەسـەری ئیسـلام بـۆ کێشـەی هـەژاری لـە دیـدێکی گشـتیەوە بـە مەبەسـتی لەریشـە دەرهێنـانی، دەکرێـت بڵێین سێ ڕەهەندی هەیە :

★ ڕەهەندی عەقیدەییو فیکری (ئایدۆلۆژی).

★ ڕەهەندی خودی (ناخی هەژارەکە).

★ ڕەهەنـدی دەرەکـی (ئـەو ئەرکـەی دەکەوێتـە سـەر غەیری هەژارەکان بۆ نەهێشتنی هەژاری).

---

[٥٠] بۆ درێژەی ئەم باسە بڕوانە ئەو سەرچاوانەی کەلەبارەی هەژاریەوە دەدوێت.

## ڕەهەندی یەکەم: ڕەهەندی ئایدۆلۆژی

مەبەستمان لەمە لایەنی عەقیدەییو فیکری ئیسلامی سەبارەت بە هەژاری، ئەوەش لەم خاڵانەدا ڕوون دەبێتەوە:

١- هەژاری لە خودی خۆیدا دەستکەوتو نیعمەت نیە، بەڵکو بەڵاو تاقیکردنەوەیەو دەبێت ئارام بگرین لەسەری، دەردو نەخۆشیە دەبێت دەرمانو چارەسەر بکرێت، نەخۆشیەو پێویستی بەشیفاو چارەسەرە، ئەوە بوو پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ پەنای دەگرت بەخودا لە هەژاری[٥١]، هەژاری کێشەو گرفت بوو، ئیسلام هات بۆ چارەسەرکردنی، ئەگەر مسوڵمانێك پێی گیرۆدەبێت ئیسلام ڕێنمایی دەکات بە ئارام گرتنو خۆگری، بەوەش هەژاری لە بەڵاوە دەبێتە نیعمەت لەڕووی پاداشتەوە، بەڵام دەوڵەمەندی لە خودی خۆیدا نیعمەتە – وەك خۆی – جێگەی شوکرو سوپاسگوزارییە بۆیە پێغەمبەر داوای دەکرد[٥٢]، بەڵام ئەگەر خاوەنەکەی ئەرکو فەرمانی دەوڵەمەندییەکەی ئەنجام نەداتو شوکری

---

[٥١] ئەو فەرمودەیەیی کەپێغەمبەر دەفەرموێت: (اللهم اني اعوذبك من الكفر والفقر)رواه الحاكم

[٥٢] ئەو فەرمودەیەیی کەپێغەمبەر دەفەرموێت: (اللهم ارزقنی الهدى والتقى والعفاف والغنى)

لەسـەر نـەکات لەخۆشـیو نیعمەتـەوە لـە کۆتـاییو سـەرەنجامدا دەبێـت بـە بـەڵاو نەهامـەتی، بـەڵام لـەم بارەیەوە بەڵگە گەلێکی شەرعی زۆرمان هەیە.

ئەم دیدو تێڕوانینە تایبەت بەم هاوسەنگیەوە لە تایبەتمەندیەکانی ئیسلامە، لە هیچ یاساو ڕێساو ئاینێکی تردا بوونی نیە[٥٣]، ئەم تێڕوانینە کاریگەری

---

(٥٣) هەندێ لە بیروباوەڕی بت پەرستی و فەلسەفەی مرۆیی و ئاینی ئاسمانی وا دەبینن کە خێر - باشە - هەمووی لە هەژاری و نەداری و گۆشەگیری و وازهێنان لە دونیاو جوانیەکانیدایە، وە ئازاردانی لاشە هۆکارێکە بۆ بەرزبوونەوەی گیان (رۆح) ئەمە بیروبۆچوونی صوفیەکانی هندستان و مانەوی فارسی و گۆشەگیری (رەهبانیەت) مەسیحیەکانە، بە داخ و نیگەرانیەوە هەندێ لە سۆفیە مسوڵمانەکانیش کەوتنە ژێر کاریگەری ئەم بیروبۆچوونەوە و پێشوازیان لە هەژاری کرد و وتیان (ئەگەر هەژاری بەرەو رووت هات بڵێ: بەخێربێیت ئەی دروشمی چاکەکاران (پیاو چاکان)، ئەگەر دەوڵەمەندی بەرەو پیرت هات بڵێ: تاوانێکە و سزاکەی پێش کەوتووە). هەندێکی تر بۆچوونیان وایە، پێشوازی هەژاری ناکەن بەڵام پێی قایل دەبن وەك قەزاوقەدەر و بەدەر لە ئیرادە و توانای ئەوان دەڵێن ئەگەر خودا بیەوێت هەموو خەڵکی دەوڵەمەند دەکات، بەڵام خودا رۆزی ئاسان و دیاری دەکات بۆ ئەوانەی کە دەیەوێت، هیچ شتێك بڕیاری خودا رەد ناکاتەوەو بەشوێن حوکم و فەرمانیدا ناچێت.. شتی تری لەم جۆرە

خۆی هەیە لە ڕووی عەقیدەو فیکرو ڕۆشنبیریەوە لە ڕێکخستنی ژیری مسولْماندا، بۆ بەگەڕخستن‌و ڕۆڵ بینینی لە ژیاندا، بێ گومان لەم ڕێگایەوە ڕۆڵی دەبێت لە چارەسەرکردنی کێشەکەدا، چونکە مسولْمان باوەڕی وایە لە هاتنی بۆ ژیان ئەرکی ئاوەدان کردنەوەی سەر زەوی دەکەوێتە سەرشانی‌و ئەرکی ئەو تەنها پەرستش‌و بەندەگی نیە، ئیدی بەم تێگەیشتنەوە کۆششی بەردەوام دەکات بۆ ئاوەدان کردنەوەی سەر زەوی‌و دنیا وەك ئەوەی کە بۆ هەمیشە دەژی، هەروەك هەمیشە هەوڵی پەرستش و چاکە کاری دەدات وەك ئەوەی ئێستا دەمرێت، دروشمێك کە قورئان فێرمان دەکات ئەوەیە بڵێین: { رَبَّنَا آتِنَا فِي الدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِي الآخِرَةِ حَسَنَةً وَقِنَا

---

کە وشەی راست و تەواون و بۆ مەبەست و ناوەڕۆکی نادروست بەکاردەهێنرێن، هەروەك شێخ یوسف قەرزاوی لە کتێبی گرفتی هەژاریدا باسی دەکات لاپەڕە (٥ - ٧).

وە ئەم دوو بیروبۆچوونە هەر لەسەرەتاوە لەناو جیهانی ئیسلامیدا شوێنەواری نەرێنیان لەسەر شارستانی و پێشکەوتن و ئاوەدانکردنەوە داناوە، لەبەرامبەردا هەندێ رۆشنبیری و سیستەمی تر هەیە کە دارایی و دەوڵەمەندی پیرۆز دەکات، هەژاری و هەژارەکان بە سوك دەزانێت لە شکۆمەندییان کەم دەکاتەوەو بەسەرچاوەی گاڵتەپێکردن و کەمی دەزانێت، کە ئەمانە هەڵوێستی نەزانەکانی پێش ئاینی ئیسلام بووە لە کۆندا و ئەمڕۆش هەمان شت دووبارە دەبێتەوە.

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم بابەتە، سەیری کتێبی (د. یوسف قەرزاوی) سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە (٥ -٧)و سەرچاوەکانی تریش بکە.

عَذَابَ النَّارِ } البقرة ٢٠١ يان دەفەرمویّت: { وَلَا تَنسَ نَصِيبَكَ مِنَ الدُّنْيَا وَأَحْسِن كَمَا أَحْسَنَ اللَّهُ إِلَيْكَ} القصص٧٧

بە هەمان شێوە لە فەرموودەدا هاتووە کە خۆ پارێزی لە ئاگری دۆزەخ بکرێت ئەگەر بە لەتە خورمایەکیش بێت.

بەڵکو ئامانج و مەبەست لە هاتنی قورئان دەستەبەرکردنی خێرو خۆشیە بۆ مرۆڤایەتی بە مانا گشتگیرو فراوانەکەی: {وَقِيلَ لِلَّذِينَ اتَّقَوْاْ مَاذَا أَنزَلَ رَبُّكُمْ قَالُواْ خَيْراً} النحل٣٠

بە هەمان شێوە ئامانج لە ناردنی گەورەی پێغەمبەران محمد ﴿ﷺ﴾ دەستەبەرکردنی دادگەریو ڕەحمەتو خۆش گوزەرانیە وەك قورئان دەفەرمویّت: {وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ } الأنبياء١٠٧

بێگومان ئەم تێگەیشتنو بیرکردنەوەیە باوەڕی وایە هەزاری کێشەو گرفتەو دەبێت چارەسەر بکرێت – لەگەڵ ئارامگریو قەناعەت لەکاتی بونیدا – دروست نیە بە تەمەڵیو پاڵدانەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت بە ناوی ڕازی بوون بە قەدەر، بەڵکو دەبێت ڕۆژو شەو بخرێتە سەر یەکتر لە پێناو کارکردنو بە دەست خستنی

دەوڵەمەندیو سوودو قازانج گەیاندن بە خەڵکی – لەگەڵ دەرونێکی دامەزراوو دور لە چاوچنۆکی بە ماڵو سامانی خەڵك.

٢- مسوڵمان بە پێی بیرو باوەڕەکەی قەناعەتی وایە ئەو نازو نیعمەتەی خودا دروستی کردووە لەسەر زەوی بەشی مرۆڤایەتی دەکات بەزیادەوە، بەڵام خراپ بەکار بردنو خراپ بەرهەم هێنانو خراپ دابەشکردن و بوونی زوڵم و ستەم وایکردووە هەژاری روبداتو دروست ببێت.

٣- ئەم گەردونە خودا خاوەنی راستەقینەیەتی، بە لوتفو میهرەبانی خۆی خستویەتیە ئیختیاری مرۆڤ و بۆی رام کردووە، ئەمەش وا دەکات کە پێویستە لەسەر مسوڵمان سوود لە هەموو خێرو بێرێکی وڵات وەربگرێت، چونکە حیکمەتو هودەی ئەم ڕام کردنە کەڵك لێ وەرگرتنیەتی، لەبەرئەوەیە خودا فەرمانمان پێدەکاتو دەفەرموێت:{فَامْشُوا فِي مَنَاكِبِهَا وَكُلُوا مِن رِّزْقِهِ وَإِلَيْهِ النُّشُورُ} الملك١٥

## چارەسەری هۆکارەکانی هەژاری بەڕێگای ڕەهەندی عەقیدەیی و فیکری ( ئایدۆلۆژی ):

ئەگەر سەرنج بدەین لە تێکڕای هۆکارەکانی هەژاری دەبینین ئیسلام ڕێگا چارەی بۆ دیاری کردووە لەڕووی تیۆری تێڕوانینەوە – بە هەمان شێوە لەڕووی جێبەجێ کردنەوە لە ڕۆژگارێکدا لە مێژووی حکومڕانی ئیسلامیدا – ئەوەش لەبەر ڕۆشنایی ئەم خاڵانەدا:

١- کارکردنی پێویست کردووە لەسەر ئەوانەی دەتوانن کار بکەن، بە مانایەکی تر ئیسلام گرنگی زۆری داوە بەکارکردنو فەرمانی پێکردووە وەك چۆن فەرمانی بە نوێژ کردن کردووە بەیەك فەرمانو لەیەك سیاقدا وەك دەفەرموێت: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا نُودِي لِلصَّلَاةِ مِن يَوْمِ الْجُمُعَةِ فَاسْعَوْا إِلَى ذِكْرِ اللَّهِ وَذَرُوا الْبَيْعَ ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ} الجمعة٩

دواتر دەفەرموێت: {فَإِذَا قُضِيَتِ الصَّلَاةُ فَانتَشِرُوا فِي الْأَرْضِ وَابْتَغُوا مِن فَضْلِ اللَّهِ وَاذْكُرُوا اللَّهَ كَثِيراً لَّعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ} الجمعة١٠

ئەوەتە لە دوای تەواو کردنی نوێژ، ڕاستەوخۆ فەرمانمان پێ دەکات بە کارکردنو پەیداکردنی ڕۆزی و بژێوی ژیان – وەك لە پێشەوە باسمان کرد – پێغەمبەر ﷺ ڕێگای جۆراو جۆری گرتبووە بەر بۆ هاندان لەسەر کارکردن لەوانە نموونە هێنانەوە بە پێشەنگو

مرۆڤـه گەورەكان ئەوەتە دەفـەرموێت : (كان داود عليـه السـلام لايأكـل إلا مـن عمـل يـده) رواه البخـارى، يـان دەفەرموێت: (ما أكل أحد طعاما قـط خيرا مـن أن يأكل من عمل يده، وأن نبي الله داود عليه السلام كان يأكل من عمل يده) رواه البخارى.

دەبينيت لەم فەرمودانەدا ئاماژە بە داود پێغەمبەرو زەكەريا پێغەمبەر كراوە وەك نموونەيـەك بـۆ كـاركردن، هەروەك دەست رەنجى مرۆڤ خۆى بە باشترين شت لێـك دراوەتەوە.

٢- حـەرام كردنـى سـوالّ بـەبێ ناچـارىو مـەجبورى، لەم بارەيەوە پێغەمبـەر ﴿صلى الله عليه وسلم﴾ دەفـەرموێت: (قبيصـة : إن المسألة لاتحـل إلا لأحـد ثلاثـة : رجـل تحمـل حمالـة ... ورجل أصابته جائحة أجتاحت ماله، فحلت له المسألة حتـى يصيب قواما من عيش ... ورجل أصابته فاقـة، حتـى يقـول ثلاثة من ذوي الحجة من قومه : لقـد أصـابت فـلان فاقـة، فحلت له مسألة حتى يصـيب قوامـا مـن عـيش، أو قـال : سدادا من عيش، فما سواهن من المسألة ياقبيصة : سـحت، يأكلها صاحبها سحتا) رواه مسلم.

يان دەفـەرموێت:(لاتزال المسألة بأحـدكم حتـى يلقـى الله وليس في وجهه مزعة لحم) رواه البخارى .

ئەم فەرمودانە بە ڕوونی سوالّ کردن حەرام دەکەن مەگەر لەبەر ناچاریو پێویستیەکی زۆر، یان داواکردن بێت لە دەسەلاّت، وەك پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ دەفەرموێت : (إن المسألة : كد، يكد بها الرجل وجهه ألا أن يسأل الرجل سلطانا، أ، في أمر لابد منه) رواه الترمزي واتە : داوا بکات لە دەسەلاّت لە مالّی زەکات بەشی خۆی بداتیّ یان لەهەر داهاتێکی تر، یان دەفەرموێت: (لأن يحتطب أحدكم حومة على ظهره، خير له من أن يسأل أحدا فيعطيه أو يمنعه) رواه البخاری.

٣- لە ئیسلامدا ڕیّو شوێنی پێویست دەگیرێتە بەر سەبارەت بە نەخۆشی، وەك ئەوەی داوای خۆپارێزیمان لیّ دەکاتو، فەرمان دەدات بەچارەسەرکردنو سوود وەرگرتن لەهەر دەرمانێکی بەسوود[٥٤]...

٤- سەبارەت بە حەز کردن لە تەمەلّیو پالّدانەوە و بەکەم زانینی زۆرکارو پیشە ئیسلام دژایەتی ئەم شێوە تێگەیشتنە دەکاتو کاروکاسبی حەلاّلّو ڕێگا پێدراو بە جیهادو تێکۆشان دەچوێنێت لە خێرو پاداشتدا.

---

[٥٤] بۆ زانینی زیاتر بڕوانە: فقه القضايا الطبية المعاصرة، أ.د. علي محي الدين القرداغي

٥- سەبارەت بە نەخوێندەواریو داواکەوتوییو نەزانی ئیسلام بە ڕوونی دژایەتی کردووە — وەك باسمان کرد — .

٦- سەبارەت بە داگیرکردنو داگیرکاران، ئیسلام جیهادو تێکۆشانی فەرز کردووە لەسەر خەڵکی ئەو ناوچەیە، دواتر لەسەر گەلانی ئیسلامی بۆ ڕووبەڕو بوونەوەی داگیرکەرانو دەرکردنیان لەسەر خاكو نیشتیمانی مسوڵمانان.

٧- سەبارەت بەشەڕی ناوخۆو دەرەکی، ئیسلام هەموو جۆرە شەڕ کردنێکی حەرام کردوە، جگە لە شەڕی بەرگری کردن لە ئاینو نیشتیمانو لە پێناو سەرخستنی حەقو بەرگریکردن لە خەڵکی ستەم دیدە، تەنانەت لە کاتی شەڕەکانیشدا ئیسلام کۆمەڵێك یاساو ڕێسا پێویست دەکات کە ڕێگا نادات بە بڕینی درەختو خراپەکاری لەسەر زەویو لەناو بردنی باخو سەوزاییو کشتوکاڵ بە نارەوا.

ئیسلام ڕێگری دەکات لە ئاژەوە گێڕییو شەڕی ناوخۆو لەسەر مسوڵمانانی پێویست کردوە کە هۆکارەکانی ڕا دەربڕینو تەعبیرکردن لە خود هۆکار گەلێکی ئاشتیانە بێت تەنانەت پێغەمبەر بەتوندی

ئامۆژگاریمـان دەكـات كـە چـەك بـەڕووی سـەركردەكاندا هەڵنەگیرێت مەگەر كـوفرو بـێ باوەڕییـان لـێ ببینـرێـت وەك دەفەرموێت: (من كره من أميره شيئا فليصبر، فانه من خرج من السلطان شبرا مات ميتة جاهلية) رواه البخارى ، هەروەها لە عوبادەی كوڕی سامیتەوە گێڕراوەتـەوە كـە فەرمویـەتی: (فيما أخذ علينا أن بايعنا على السمع والطاعة في منشطنا ومكرهنا وعسـرنا ويسـرنا، وأكثـرة علينـا، وأن ننازع الأمر أهله الأ أن تروا كفرا بواحا عندكم من الله فيـه برهان) رواه البخارى.

ئەم فەرموودانە هاوشـێوەكانیان بـەو واتایـە نیـە كـە گوێڕایــەڵو گــەردن كــەچ بــین بــۆ فــەرمانڕەوایانی مسوڵمانی زاڵم و ستەمكار، بەڵكو مەبەستیان ئەوەیە كە ئاسایشی دەوڵەتو كۆمـەڵگا بپارێزێـت بـە بـەكارهێنانی هـەر هۆكارێـك كـە نـاڕەزایی نیشـان بـداتو ئامۆژگـاری بگەیەنێتــە دەســەڵاتداران و ڕێگــای خۆپیشــاندانو مانگرتنو یاخیبوونی مەدەنی سەرتاسەری بگیرێتە بەر، وەك بەشـێك لـە فەرمانـدان بـە چاكەو نـاڕازیبوون لـە خراپە، ئەمەش تەباو سازگارە لەگـەڵ چـەندین ئایـەتو فەرمودە كە فەرمانمان پێ دەكات بـە فـەرمان كـردن بـە چاكەو بەرگری كردن لـە خراپـەو دەربـڕینی ئامۆژگـاری

بۆ بەرپرسان‌و مسوڵمانان بە گشتی‌و، وتنی قسەی حەق لەڕووی فەرمان ڕەوای ستەم کارداو، ڕێگری کردنی زاڵم لە ستەم کردن، وەك لە فەرموودەی سەحیحدا هاتووە، عوبادە دەفەرمویێت: (بایعنا رسول الله صلى الله عليه وسلم على السمع والطاعة ... وعلى أن لاننازع ألأمر أمله، وعلى أن نقول بالحق أينما كان، لا نخاف في الله لومة لائم) رواه مسلم.

٨- سەبارەت بە زوڵم‌و نا دادپەروەری، بە تایبەت نا دادپەروەری لە دابەشکاری داراییدا هیچ ئاین‌و یاسایەك نیە بە ئەندازەی ئیسلام بایەخی بە داپەروەری دابەشکاری دابێت‌و، ڕێگری کردبێت لە ئەگەری ڕوودانی زوڵم تەنانەت ئەو ئایەتانەی لە عەدالەت و ستەمکاری دەدوێن نزیکەی هەزار ئایەت دەبێت .

٩- سەبارەت بە گەندەڵی دارایی‌و کارگێڕی‌و سیاسی هەڵوێستی ئیسلام ڕوون‌و ئاشکرایە.

١٠- سەبارەت بە بەرپرسیارێتی دەوڵەت، ئایەت‌و، فەرمودەو، وتەی هاوەڵان‌و داستانی ژیانیان بە ڕوونی لەو بەرپرسیارێتیە دەدوێت تەنانەت بەرامبەر بە گیانداران.

١١- بــه هــهمان شــێوه پشــت بهســتن بــه فیقهــی گرنگترینــهکان چــهندین بهڵگــهی شــهرعی پشــتی ئــهم بابهته دهگرن[٥٥].

## ڕەههندی دووهم: چارهسهری خودی ناوخۆیی

ئیسـلام هـهوڵی چارهسـهرکردنی هـهژاری دهدات لـه ناخی ههژاردا بهم شێوهیه:

١- ئیسلام ههوڵ دهدات عهقیدهو بـاوهڕێكی دروسـتو پتهو له ناخی ههژاردا بچهسپێنێت، بهتایبهت بـاوهڕ بـه ڕۆژی دواییو پاداشتی خودا له بهههشتداو، تێگهیانـدنی بـهوهی كـه ژیـانی دنیـا قۆنـاغێكی ڕاگـوزهرهو بـاوهڕ بـه قهزاو قهدهر، ههروهها باوهڕی وا لێ دهكات لـه هـهژاریو دهوڵهمهنـدی دیـوی دیـارو ئاشـكراو، نـا دیـارو شـاراوهی ههیـه كـه هـهموو ئهمانـه لێـوان لێـوه لـه حیكمـهتو كاربهجێی خودا، چۆن قورئان له نیشاندانی دهلاقهیهكی دهسـتی قـهدهردا بۆمـان دهخاتـه ڕوو لـه داسـتانی موسا

---

[٥٥] بڕوانه: فقه الاولویات للشیخ القرضاوي.

پێغەمبەرو پیاو چاکەکەدا، ئەوەتە ئەوەمان نیشان دەدات کە هەرچی دەستی قەدەر دەیکات خێرو چاکی لەوەدایەو بەرژەوەندی مرۆڤەکان بەو ڕێگایە دەستە بەربووە، لە ڕێگای کۆمەڵێك ئایەتی قورئانەوە خودا ئەوەمان تێدەگەیەنێت کە هەرچی ئەو بڕیاری لەسەر بدات خێر لەوەدایە وەك قورئان دەفەرموێت: {كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِتَالُ وَهُوَ كُرْهٌ لَّكُمْ وَعَسَى أَن تَكْرَهُواْ شَيْئاً وَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ وَعَسَى أَن تُحِبُّواْ شَيْئاً وَهُوَ شَرٌّ لَّكُمْ وَاللّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لاَ تَعْلَمُونَ }البقرة٢١٦

٢- لەسایەی باوەڕو عەقیدەدا خەڵکی هەژار دڵ ئارامیو خۆگریو قەناعەتی بۆ دروست دەبێتو، دەزانێت کەنازو نیعمەتی خودا زۆرو لەژمارە نەهاتوون بەسەریەوە ئەگەر چی دەوڵەمەندیش نیە: {وَإِن تَعُدُّواْ نِعْمَةَ اللّهِ لاَ تُحْصُوهَا إِنَّ اللّهَ لَغَفُورٌ رَّحِيمٌ }النحل١٨

بە مانایەکی تر گرنگیدانی هەژار بە پەروەردەی باوەڕی و ڕۆحیو ڕەوشتی خۆی وای لێ دەکات پێغەمبەرو هاوەڵانی بکاتە مامۆستاو سەرمەشقی خۆی لە خۆگریدا لە کاتی نەداریو دەست کورتیدا، چونکە ئەوان لەگەڵ هەژارییەکەیاندا بەڵام لە سایەی ئیمانو ورەی بەرزیاندا خەڵکی وای دەزانی دەوڵەمەندو هەبوون

وەك قورئــان لــە وەســفیاندا دەفــەرموێت: {يَحْسَـــبُهُمُ الْجَاهِلُ أَغْنِيَاء مِنَ التَّعَفُّفِ تَعْرِفُهُم بِسِيمَاهُمْ لاَ يَسْأَلُونَ النَّاسَ إِلْحَافاً} البقرة٢٧٣

بــەم دیــدگاو ســەیر کردنــەش ناخۆشــیەکان دەبنــە خۆشــیو پەشــیمانی دەبێتــە شــادیو شــانازیو نیقمــەت دەبێتە نیعمەت، هەژار دەبێتە مرۆڤـێکی ئاسودە ئەگـەر بڕی پێویستیشی نەبێت لە ماڵو سامان[٥٦].

٣- خۆ رازاندنەوەی هەژار بە بەهای بـەرزی رازیبـون و زوهد:

ئیسلام بایـەخێکی زۆر دەدات بـە ڕۆژی دوایـی، بـەو مانایـەی کـە پلـەی کۆتـاییو هەتاهەتاییـەو دنیـا سایەو سێبەرێکی کاتیو دوابـڕاوە، ئەمـەش بـە چاندنی گیـانی قەناعەتو خۆگریو ڕازی بوون بە بەشو بڕیاری خودا، لـەم بوارەشـدا سـەدان ئایـەتو فـەرمودە بونیـان هەیـەو

---

(٥٦) راگەیاندنەکان باسی ئەوەیان کرد کەدەوڵەمەندێکی ئەمەریکی مسوڵمان بوو بەهۆی هەستکردنی بەبەختەوەری کرێکارێکی هەژاری مسوڵمان، کاتێك لەو ئاسودەییو دڵخۆشیەیی پرسی ئەویش باسی ئیسلامی بۆ کردو مسوڵمان بوو.

مرۆڤ بەو شێوەیە ئاڕاستە دەکەن، لەوانە: {الْمَالُ وَالْبَنُونَ زِينَةُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَالْبَاقِيَاتُ الصَّالِحَاتُ خَيْرٌ عِندَ رَبِّكَ ثَوَاباً وَخَيْرٌ أَمَلاً} الكهف٤٦

یان ئایەتی: {وَمَا الْحَيَاةُ الدُّنْيَا إِلاَّ لَعِبٌ وَلَهْوٌ وَلَلدَّارُ الآخِرَةُ خَيْرٌ لِّلَّذِينَ يَتَّقُونَ أَفَلاَ تَعْقِلُونَ} الأنعام٣٢

هەروەها دەفەرموێت: {اعْلَمُوا أَنَّمَا الْحَيَاةُ الدُّنْيَا لَعِبٌ وَلَهْوٌ وَزِينَةٌ وَتَفَاخُرٌ بَيْنَكُمْ وَتَكَاثُرٌ فِي الْأَمْوَالِ وَالْأَوْلَادِ كَمَثَلِ غَيْثٍ أَعْجَبَ الْكُفَّارَ نَبَاتُهُ ثُمَّ يَهِيجُ فَتَرَاهُ مُصْفَرّاً ثُمَّ يَكُونُ حُطَاماً وَفِي الْآخِرَةِ عَذَابٌ شَدِيدٌ وَمَغْفِرَةٌ مِّنَ اللَّهِ وَرِضْوَانٌ وَمَا الْحَيَاةُ الدُّنْيَا إِلَّا مَتَاعُ الْغُرُورِ} الحديد٢٠

لەو فەرمودانە کە لەو بارەیەوە هاتوون ئەو فەرمودەیەی کە پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ بەئیبن عومەر دەفەرموێت: (كن في الدنيا كأنك غريب أوعابر سبيل) رواه البخاری .

ئیبن عومەریش دەفەرموێت: (إذا أمسيت فلا تنتظر الصباح، وإذا أصبحت فلا تنتظر المساء، وخذ من صحتك لمرضك ومن حياتك لموتك) .

پێشەوا نەوەوی دەڵێت: (لە ڕاڤەی ئەم فەرمودەیەدا وتویانە: واتە : پشت بە دنیا مەبەستەو مەیکەرە نیشتیمانی خۆتو وامەزانە زۆر تێیدا دەمێنێتەوەو،

زۆرمەیکەرە جێگەی بایەخدانی خۆت، تەنها ئەوەندە وابەستەی بە کە غەریبێك لە غەیری نیشتیمانی خۆیدا وابەستەی ئەو شێوێنە دەبێت کە بەکاتی تێیدایە)[٥٧] .

یان ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ دەفەرموێت: (ازهد في الدنيا يحبك الله، وازهد فيما عند الناس يحبك الناس) رواه ابن ماجة . یان دەفەرموێت: (لوكانت الدنيا تعدل عند الله جناح بعوضة ماسقي كافرا منها شربة ماء ) رواه الترمذي .

لە بواری پێشەنگیو قودوە بووندا پێشەوا عومەر دەفەرموێت: (پێغەمبەرم بینی ڕۆژێك بە بەردەوامی هیچ نەبوو بیخوات چەند دەنکە خورمایەك نەبێت بەویش تێر نەبوو) مسلم دەیگێڕێتەوە دایکی مسوڵمانان خاتوو عائیشە دەفەرمووێت: (پێغەمبەر کۆچی دوای کرد لە ماڵی مندا هیچ نەبوو مرۆڤ بیخوات جگە لە مەنێك جۆ نەبێت ماوەیەك لەوەم دەخوارد تا ئەویش تەواو بوو) متفق عليه، هەروەها دایکی مسوڵمانان خاتوو جویریە دەڵێت: (لەکاتی مردنیدا پێغەمبەر هیچ شتێکی لەپاش خۆی بەجێ

---

[٥٧] رياض الصالحين.

نـەهێلاوە دینارێـك درهـەمێك، كۆیلـەو خزمـەتكارێك) رواه البخاری .

خـاتوو عائیشـە دەفـەرموێت: (خێـزانو منـداڵی پێغەمبەر دوو ڕۆژ لەسەر یەك تێر نەبوون لە نانی جۆ تا مردنی پێغەمبەر)  ئەبو هورەیرەش دەفەرموێت : (تا ئەو كاتەی پێغەمبەر كۆچی دوای كرد لە نـانی جۆ تێـر نەبوو) رواه البخاری.

چـەندین فـەرمودەی زۆر هەیـە بـارودۆخی ژیـانی پێغەمبـەرمان بـۆ دەگێڕێتـەوە كـە چـۆن برسـی بـووەو[٥٨]تەنانـەت هەنـدێك جـار بـەردی خسـتووەتە سەرسكی خۆی بۆ ئـەوەی یارمـەتی دەری بێت لەسـەر برسـێتیەكەی[٥٩]، گـەورە هـاوەڵانیش بـە هـەمان شـێوە بوون، لەگەڵ بەخشندەییو دەست كراوەییـان لـە ڕێگـای خـودادا، ئەوەتـە عوتبـەی كـوڕی غـەزوان دەفـەرموێت: (ولقد رأتنی سابع سبعة مع رسول الله صلی الله علیه وسـلم مالنا طعام ألا ورق الشجر، حتی قرحت أشـداقنا ...) رواة مسلم،

---

[٥٨] صحیح مسلم

[٥٩] صحیح البخاری.

یان ئەبو هورەیرە دەفەرموێت: (فو الله الذي لا اله إلا هو، إن كنت لأعتمد بكبدي على الارض من الجوع، وان كنت لأشد الحجر على بطني من الجوع ...) رواة البخارى.

جیلی یەکەمی هاوەڵان گرفتاری هەژاریو برسێتی بوون، بە سەریدا زاڵبوون بە هێزی ئیرادەو پشت بەستن بەخودا، بەمەش کردبویانە نیعمەتو، نەببونە ڕێگرو کۆسپ لە ڕێگای تێکۆشانو کارکردنو، ئاوەدان کرانەوەو گۆڕانکاری، ئەوەبوو ئەهلی (صفة) شەو نوێژیان دەکردو بە ڕۆژ بە ڕۆژو بوونو جیهادو تێکۆشانیان دەکرد، ئەبوو هورەیرە لە بارەیانەوە دەفەرموێت: (لقد رأيت سبعين من أهل الصفة، مامنهم رجل عليه رداء، إما ازار، وإما كساء، قد ربطوا في أعناقهم فمنها مايبلغ نصف الساقين، ومنها مايبلغ الكعبين، فيجمعه بيده كراهية أن ترى عورته) رواة البخارى .

لەو فەرمودانەش کە فەرمانمان پێدەکەن بە قەناعەت کردنو فەڕو پیرۆزی قەناعەتمان فێردەکەن ئەم فەرمودەیە کە پێغەمبەر دەفەرموێت: (قد أفلح من أسلم، وكان رزقه كفافا، وقنعه الله بما أتاه) رواه مسلم، یان ئەو فەرمودەیەی کە دەربارەی هەژارو برسیەکانی

ئەهلی (صفة) دەفەرموێت: (لو تعلمون ما لكم عند الله تعالى لأحببتم أن تزدادو فاقة وحاجة) رواة الترمزي .

ئەم فەرمودانەو ژیانی پڕ لە سەروەری پێغەمبەرو پێشەنگی جوامێری هاوەڵان بە ڕوونی ئەوەمان پێدەڵێن کە ئەگەر هەژاری‌و برسێتی بە ڕوماندا هاتن ناکرێت‌و نابێت خۆمان بدەینە دەستیان‌و تەسلیم ببین پێیان، بەڵکو دەبێت بە کارکردن‌و قەناعەت لە ڕوویاندا بوەستین، بەمەش گرنگی ماڵ‌و سامان‌و دەوڵەمەندیمان بۆ دەردەکەوێت.

هەژاری بەڵگە نیە لەسەر بێ قەدری مرۆڤ، وەك دەوڵەمەندی بەڵگە نیە لەسەر ڕێزو پایە بەرزی مرۆڤ، بەڵکو هەژاری لەگەڵ ئارام گرتندا دەبێتە نیعمەت: لە ئیسلامدا هەژاری نەکراوەتە نیشانەی بێ ڕێزی مرۆڤ‌و لە بەرامبەردا دەوڵەمەندیش لە نیشانەکانی ڕێزو حورمەت نیە، بەڵکو یاسای جێگیر لە ئیسلامدا لەسەر بەرزی‌و پیرۆزی مرۆڤ چاکە کاری‌و لەخوا ترسانە: {يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوباً وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ} الحجرات١٣ .

بۆیـە سـەر زەنشـتی ئـەو کافرانـە دەکـات کـە بـەم تێڕوانینە سەیر دەکەن وەك قورئان دەفەرموێت: {فَأَمَّا الْإِنسَانُ إِذَا مَا ابْتَلَاهُ رَبُّهُ فَأَكْرَمَهُ وَنَعَّمَهُ فَيَقُولُ رَبِّي أَكْرَمَنِ ... وَلَا تَحَاضُّونَ عَلَى طَعَامِ الْمِسْكِينِ} الفجر ١٥- ١٨.

بەڵکو ئیسلام مرۆڤی هەژار لەسەر ئەوە پەروەردە دەکات کە ئەگەر خۆگر بێت لەسەر هەژاری و نەدارییەکەی پاداشت و خێرێکی گەورەی دەست دەکەوێت لەلای خوای گەورەو دەگونجێت بەو هۆیەوە پلەو پایەو ڕێزێکی زۆری هەبێت لە ڕۆژی قیامەتداو لە بەهەشتی بەریندا، وەك پێغەمبەر ﴿صلى الله عليه وسلم﴾ ئاماژەی پێ دەدات و دەفەرموێت: (أطلعت في الجنة فرأيت أكثر أهلها الفقراء) متفق عليه، واتە: (سەیری بەهەشتم کرد بینیم زۆربەی خەڵکەکەی هەژارەکان بوون) یان دەفەرموێت : (يدخل الفقراء الجنة قبل الأغنياء بخمسمائة عام) الترمزي، واتە: (هەژارەکان بە پێنج سەد ساڵ پێش دەوڵەمەندەکان دەچنە بەهەشتەوە) یان دەفەرموێت: (قمت على باب الجنة فكان عامة الناس من دخلها المساكين وأصحاب الجد – أي محبوسون – غير أن أصحاب النار قد أمر بهم الى النار) متفق عليه، واتە : ( لەدەرگای بەهەشتدا ڕاوەستابووم بینیم زۆربەی خەڵکی کەدەچونە ناوی

لەهەژارەكان بوون، بـەلاّم خـاوەن سـامانـەكان راگیرابـوون (راوەسـتێنـرابوون) جگـە لـەوەش خـاوەنـی ئـاگر فـەرمان دەكات دەیانبەن بۆ ناو ئاگر).

گومـان لـەوەدا نیـە كـە چـەندین فـەرمودەیش هەیـە لـە بـارەی وەسـفـو ستایشـی دەوڵەمەنـدی شـاكرو بەخشـندە – وەك باسـكرا – بـەلاّم لێـرەدا مەبەسـتمان ئەوەیـە هـەژاری لەگەڵ خۆگریو قەناعەت و زوهد، لە ناخۆشیەوە دەگۆڕێت بۆ نیعمەت، لە بەدبەختیەوە دەگۆڕێت بۆ خێرو پاداشت.

## چارەسەركردنی لایەنی دەرونی هەژار:

ئیسلام لەسەرو بەندی چارەسەر كردنی هەژاریدا بە رێگای پـەروەردە، بایـەخی زۆر دەدات بەلایـەنی دەرونـی هەژار لە دوو لایەنەوە:

١- مرۆڤـی هـەژار بڕوانێـت بـۆ خـەڵكێك كـە لـەو هـەژارترە، یـان خـەڵكێك لـەو خـراپتر توشـبووە بـە نەخۆشـیو زەرەروزیـان، یـان بڕوانێـت بـۆ كەسـێك كـە بـەڵاو نارەحـەتی زۆرتـر رووی تێكـردووە ئەمانـە بكاتـە هۆكاری شوكرو سوپاس كردنی خودا بـۆ خـۆی، ئەمـەش بـە شـێكە لـە رێنماییـەكانی پێغەمبـەر ﴿ﷺ﴾ وەك دەفەرموێت: (انظـروا الى من هو أسفل منكم، ولا تنظـرو الى من هو فوقكم، فهو أجدر أن لا تزدروا نعمة الله عليكم)

متفــق عليــه،واتــه: ( ســەیری ئەوانــه بکــەن کــه لــەخوار خۆتانــەوەن و لــەئێوه کــەمتریان هەیــه، ســەیری ئەوانــه مەکــەن کەلەســەرو خۆتانــەوەن و لــەئێوه باشــترن، هــەر ئــەوه شــیاوه بــۆ ئــەوەی ئــەو نازونیعمەتــەی کــەخودا پێیــداون بەکــەم ســەیری نەکــەن) لەگێڕانەوەیــەکی بوخاریدا هاتووه بەدەستەواژەی : (إذا نظــر أحــدکم الی من فضل علیه فی المال والخلق فلینظــر الی مــن هــو أســفل منــه) البخــاری. واتــه: ( ئەگــەر کەســێك لــەئێوه ســەیری کەسێکی تــری کــرد، کــەخودا چــاکەی زیــاتری لەگەڵدا کردبــوو لــەدارایی و بــەدیهێنراوەکانی، ئــەوا ســەیری ئەوانــه بکــەن کەلــەخۆتان کــەمتریان هەیــەو لــەخوار خۆتانەوەن)

٢- بــەهێزکردنی ئــیرادەو توانــای خــۆی و تەســلیم نەبوون به هەژاری و نەداری، بەڵکو شانازیکردن بــەوەی خودا داویەتی پێی وەك قورئان دەفەرموێت: {اللّهُ يَبْسُطُ الرِّزْقَ لِمَنْ يَشَاءُ وَيَقَدِرُ وَفَرِحُواْ بِالْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَمَا الْحَيَاةُ الدُّنْيَا فِي الآخِرَةِ إِلاَّ مَتَاعٌ} الرعد٢٦، پێغەمبــەریش ﷺ دەفــەرموێت: (لیس الغني عن کثرة العرض، ولکن الغنی غنی النفس) متفق علیة، واتــه: ( دەوڵەمەنــدی زۆری کــەل و پــەل و شــتومەك نیــه بــەڵکو دەوڵەمەنــدی ،

دەوڵەمەنـدی دەرونـە) یـان دەفـەرموێت: (قـد أفلـح مـن أسلم، ورزق كفافا وقنعـه الله بمـا أتـاه) رواه مسـلم، واتـە: (ئــەو كەســە رزگــار بــوە کەمســوڵمانە، رۆزی و بــژێوی رۆژانەی هەیە، ڕەزامەندە بەوەی خودا پێی داوە)

ئـەم دەقـە پیرۆزانـە ئـەوە دەخـوازن لـە مسـوڵمانی هەژارو کەم دەرامەت بەرزو خـاوەن ئـیرادە بێـتو خـۆی ملکەچی بەڵای هـەژاری نـەكاتو پـەنا بـۆ سـواڵ کـردنو تێوەگلانی خراپە نەبات، بەڵکو هـەوڵی بـێ وچـان بـدات لــە پێنــاو دەســتەبەر کردنــی ڕۆزی حــەڵاڵو ژیـانێکی شەرەف مەندانە بە پێی تواناو لێهاتووی خۆی، ئەوەتـە سەوبان دەگێڕێتـەوە كەپێغەمبـەر ﴿ﷺ﴾فەرمویـەتی: (من تكفل لي أن لايسأل النـاس شـيئاً، أتكفـل لـه الجنـة ؟ فقلت : أنا) واتە: (کەسێك دەسـتەبەری ئـەوەم بـۆ بکـات کەداوا لەخەڵکی نـەكات، ئـەوا دەسـتبەری بەهەشـتی بـۆ بکەم؟ ووتم: من) ئەوە بوو سەوبان لەوە بـە دواوە داوای هــیچ شــتێکی لــە کــەس نــەکردوە تەنانــەت ئەگــەر قامچـیەکەی بکەوتایەتـە خـوارەوە خـۆی دادەبـەزی و هەڵی دەگرتەوە، رواه أبوداود.

٣- دەستەبەرکردنی رۆشنبیری پێویست سـەبارەت بـە پشت بەستن بە خوداو گرتنەبەری ئەسبابو ڕێوشوێنی

کـارکردن، ئەمــەش لەبەرئــەوەی کــە تــەوەکول‌و پشــت بـەخودا بەسـتن بابـەتی دڵ‌و دەرونـەو دەبێت لەگەڵیـدا تەواوی تواناو لێهاتنی خۆمـان بخەینـە گـەڕو هۆکارەکـان بگرینەبەر، ئەگەر وانەبێت ئەوەی بڵێت پشتم بـەخودا بەستوە بەبێ کارکردن ئەوە خۆی بـەخودادا هەڵواسـیوە نــەك پشــتی پــێ بەســتوە، ئــەوە گــەورەو پێشــەنگمان پێغەمبــەر ﷺ لــە هــەموان زیــاتر پشــتی بــەخودا بەستوە، لەگەڵ ئەوەشدا هۆکارەکانی فەرامۆش نـەکردوە ژیانی پڕ لە سەروەری شاهیدی ئەو ڕاستیەیە.

٤- گرتنەبەری سەرجەمی هۆکارە ئاشکراکان لە پێناو خۆپاراستن لە نەخۆشی و گرنگیـدان بـەخۆ کوتـان دژی نەخۆشــــیەکان و خۆپاراســــتن لــــەو نەخۆشــــیانەی دەگوازرێنەوە ..

## ڕەهەندی سێیەم: چارەسەرە دەرەکیـەکان (ئــەو شــتانەی لەسەر غەیری هەژارە بۆ نەهێشتنی هەژاری)

ئەمانەش خۆیـان لـەو شـتانەدا دەبیننـەوە کـە خـودا پێویستی کـردووە لەسـەر دەوڵـەت‌و کۆمەڵگەو خزمـان‌و باوان‌و نەوەکان‌و مێرد بەم شێوەیە:

**یەکەم: ڕۆڵو ئەرکی دەوڵەت بەرامبەر بە گەل بە تایبەت هەژاران**

دەوڵەت (سەرجەمی بەرپرسان لە سەرۆکی دەوڵەتو وەزیرەکان تێکڕای کاربەدەستانو خاوەن بڕیارەکان) بەرپرسن لەبەردەم خوداو مێژوو دڵسۆزاندا لە دەستەبەرکردنی ژیانێکی شەرەفمەندانەو سەربەرزانە بۆ سەرجەمی هاوڵاتیان لە سنوری ئەو دەوڵەتەدا بە خەڵکی نامسوڵمانیشەوە، چەندین ئایەتو فەرموودەو کۆ دەنگی زانایان پشتگیری لەم بۆچونە دەکات.

**ئەم ڕۆڵو ئەرکە لەدیدو روانگەی ئیسلامدا لەم خاڵانەدا خۆی دەبینێتەوە:**

١- **ڕەخساندنی هەلی کار بۆ ئەوانەی توانای کارکردنیان هەیە، بۆ ئەمەش دەبێت دەوڵەت هەستێت بە دوو کار:**

أ- کردنەوەی ناوەندێکی تایبەت بە دامەزراندنو ڕاهێنانو بە دواداچوون، هەستان بە کردنەوەی دەورەی ڕاهێنان لە هەموو بوارەکاندا لە ڕووی کاری دەستو هونەریو، کارگێڕیو پیشەییو سوود وەرگرتن لەخەڵکی شارەزاو هێنانی پسپۆڕی بواری ڕاهێنانو ناوەندی تایبەت بەڕاهێنان، لە ئەرکی دەوڵەتە نەخشەو

پلانێکـی ڕوون‌و ئاشـکرای هـەبێت تایبـەت بـە تێکـڕای پێویستیەکانی کۆمەڵگە لەگشت بوارەکاندا، لە کۆمپانیاو کارگـەو هـەر شـتێکی تـر، بـە هـەمان شـێوە دەبێـت لـە ئەرك‌و ئامانجی دەوڵـەت دامەزرانـدنی خـەڵك‌و هانـدان بێت بۆ خەڵکی شیاو و پلەی دامەزراندنی گونجاو.

تـەنها ئەمـەش بـەس نیـە، بـەڵکو دەبێـت دەوڵـەت هەستێت بەکاری بـە دواداچـوون‌و چاودێری بـۆ ئاگـادار بـوون لـە ئاسـتی سـەرکەوتوی کرێکـارو فەرمانبـەران، بەڵگەی ئەمەش فەمودەیـەك کـە ئەنەسـی کـوڕی مالیـك گێڕاویەتیەوە: (پیاوێك لـە یاریـدەدەران هاتـە خزمـەتی پێغەمبەر ﷺ داوای لێکرد(سـواڵیکرد)، فـەرمووی : ئایا لە ماڵەوە هیچت هەیە؟ بـەڵێ ڕاخـەرێك‌و دەفرێکـی ئاومــان هەیــە، فــەرموی: هــەردوکیانم بــۆ بهێنــە، هــەردووکیانی هێنــا پێغەمبــەر هــەردوکیانی گــرت بەدەسـتەوەو فـەرموی: کـێ ئـەم دوانـەم لـێ دەکڕێـت؟ پیاوێك وتی دەیانکڕم بە یەك درهەم، فەرموی کێ زیاتـر دەدات دوو جـار یـان سـێ جـار ؟ پیاوێـك وتـی: مـن دوو درهــەم دەدەم، هــەردووکیانی پێــداو دوو درهەمەکــەی وەرگــرت‌و دایــە پیــاوە یاریدەرەکــەو فــەرموی: بــە درهەمێکیان خواردن بکڕە بۆ خێزان‌و منداڵـەکانت‌و بـە

درهەمەکەی تریش تەورێك بکڕەو بۆم بهێنە پیاوەکەش ئـــەو کـــارەی کـــردو هاتـــەوە خزمـــەتی پێغەمبـــەر ﴿ﷺ﴾ئەویش بە دەستی پیرۆزی خۆی پـەتێکی تێـوە پێچاو فـەرموی: بـڕۆ خـەریکی هێنـانی کۆڵـە داربـە تـا پـانزە ڕۆژ نـەتبینم، پیاوەکـە لـەو ماوەیـەدا خـەریکی هێنانی دارو فرۆشتنی بـوو، هاتـەوە خزمـەت پێغەمبـەر ﴿ﷺ﴾ (١٠) درهـــەمی دەســـت کـــەوتبوو پێغەمبـــەر فـەرمووی: بـە هەنـدێکی خـواردنو بـە هەنـدێکی تـری پۆشـاك بکـڕە پاشـان فـەرمووی: ئەمـە باشـترە بـۆ تـۆ چونکە داواکردن دەبێتە خاڵێك لە ڕوخسارتدا لـە ڕۆژی قیامەتـــدا داواکـــردن ڕەوا نیـــە مەگـــەر بـــۆ کەســـێك هەژارییەکی سەختی بەسەردا هاتبێت یان قەرزارییـەکی شـەرم هێنـەر ڕووی تێکردبێـت یـان خوێنێـك یەخـەی گرتبێـت، إبـن ماجـە گێڕاوێتیـەوە، دەبیـنین پێغەمبـەر ﴿ﷺ﴾ڕێنمـایی کـردووە تـا بزانێـت سـەرکەوتو بـووە، لەبەر ئەمە شافیعیەکان دەڵێن لە پارەی زەکات پێویستی کەسی پیشەوەر دەکرێت بە پێی پیشەکەی خۆی [٦٠]— وەك دواتر باسی دەکەین — .

---

[٦٠] المجموع للنووی.

ب- دەوڵەت هەستێت بە دامەزراندنی خەڵکی خاوەن توانا لە تێکڕای فەرمانگە کانی خۆیدا بە پێی تواناو پسپۆڕیەکانیان، هەروەها دەکرێت لە پاش لێکۆڵینەوە بە ڕەچاوکردنی هاوسەنگی، دەوڵەت دامەزراندنی ڕێژەیەك لە هاوڵاتیان پێویست بکات لەسەر کۆمپانیاو کارگەکان (کەرتی تایبەت) لە ناو خۆی وڵاتدا، وەك دامەزراندنی ڕێژەی ٢٠٪ لە دەستی کار بە پێی جیاوازی پسپۆڕیەکانیان دەبێت لەمەشدا بە وردی مامەڵە بکرێت نەبادا خاوەن کۆمپانیاو کارگەکان بێزاربن‌و بەو هۆیەوە وڵات بەجێ بهێڵن.

چارەسەر بۆ ئەمەش ئەوەیە کە دەوڵەت بە ڕێگای کەم کردنەوەی باج، یان پێشکەش کردنی هاوکاری‌و ئاسانکاری بۆ کۆمپانیاو کارگەکان ئەوانەیان کە دامەزراندن قبوڵ دەکەن بە ڕێژەی (٥٠-٨٠٪ بۆ نموونە) لە هاوڵاتیان ئەمەش بوونی هەیە لە زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووە ئازادەکان.

**٢- زەمینە سازکردنی نا ڕاستەوخۆ بۆ کارکردن، ئەوەیش بەم ڕێگایانە ئەنجام دەدرێت:**

أ- دارشتنی پلانی قۆناغ بە قۆناغ‌و، پلانی ستراتیژی بۆ کەم کردنەوەی هەژاری‌و گەشەپێدانی گشتگیر،

پلانەکـەش دیراسـە کرابێـتو هاوسـەنگی تێـدابێت، بـە پێـی سیاسـەتێکی ئابوریانـەی ڕوونو ئاشـکراو جـێگیرو بەرنامەیـەکی وردی کـارکردنو پـڕۆژەی هەمـە چەشـنە لەخۆ بگرێت لە تێکڕای دەزگاو فەرمانگـەکانی دەوڵەتـدا بە دڵسۆزیو خەمخۆرییەوە.

ب- هەستانی دەوڵەت بە ئەنجامدانی خزمەتگوزارییە سـەرەتاییەکان وەك لەسـەر بەرهـەمهێنانو کـاری هاوشێوەی[٦١]، وتـە شـیرینەکەی پێشـەوا عومـەر بەڵگـەی ئەم ڕاستیەیە کە فەرموی ئەگەر هێسترێك سەرسـم بـدا لـە لێـواری فوارتـدا لـە بارەیـەوە پرسـیار لـە عومـەر دەکرێـت، ئەمـەش بەڵگەیـە لەسـەر ئـەوەی کـە پـڕۆژەی ژێرخانی وڵات لە ئیسلامدا لە ئەرکی دەوڵەتـەو یەکێکە لـە داخوازییـەکانی ئیسـلام، ئەمـە سـەرەڕای ئـەم یاسـا شەرعیە کە دەڵێت: (ما لا یتم الواجب الا به فهو واجب) واتـە : هـەر کارێـك ببێتـە هۆکـاری تـەواوکردنو ئەنجامدانی واجبێك کردنی ئەو کارەش واجب دەبێت.

ج- گرتنەبـەری ڕێو شـوێنی پێویسـت بـۆ هانـدانی وەبـەرهێنان لـە بوارەکـانی پیشەسـازی بچـوكو مـام ناوەنـدو گـەورە، لەگـەڵ پـڕۆژەی بەسـتنو کۆکردنـەوە،

---

[٦١] البنية التحتية في الفكر الاسلامي وتمويلها في الصارف الاسلامية

بێگومـان ئـەم جـۆرە کارانـە دەرفـەتی کـارکردن زۆرتـر دەکەن‌و، هەلی دامەزراندن دەدەنە هاوڵاتیـان لـە ڕێگـەی کــەم کردنــەوەی بــاج، یــان پێویســت کردنــی ڕێــژەی دامەزراندن – وەك باسمانکرد – .

وەك دەبینین ئیسلام چاو پۆشی دەکات لە زەکاتی کارگەکاندا بە شێوەیەك تەنها لە قازانجی سافیدا ڕێـژەی ٢,٥٪ واجب دەکات بە پێی رای پەسەندی زانایان‌و فـەتوا دەســتە جەمعیــەکان، ئەمــە لــە کاتێکـدا کـە زەکــاتی دانەوێڵەو بەرهەمە کشتوکاڵیەکان زۆرو کـەم دەکـات لـە نێوان ٥٪ بـۆ ١٠٪ و کـان و کانزاکـانیش لـە ٢٠٪ زەکاتیـان تێدایە[٦٢].

٣- هەسـتانی دەوڵـەت بـە دەسـتەبەرکردنی ژیـانێکی شـەرەفمەندانە بـۆ ئـەو کەسـانەی کـە نـاتوانن کاربکـەن، یــان ئــەوەی هــەلی کاریــان دەســت ناکــەوێت (بێکــارن) ئەمــەش بــە پێــدانی موچــەیەك کــە بەشــی لای کــەمی ژیانیـان بکـات (واتـە لـە هـەژاری دەرچـن پێـی) بـەلای کەمەوە بۆ هەموو خـەڵکێکی موحتـاج، یـان کەسـێك کـە ئەرکی بە خێوکردنی خێزانێکی لە ئەستۆدایە، ئەمە لـە کاتێکـدا ئەگـەر بوجـەی گشـتی دەوڵـەت بـەش نـەکات،

---

[٦٢] الشيخ يوسف القرضاوي: فقه الزكاة

ئەگەر نا دەبێت تا ئاستی پێویستو بەش کردن بدرێت بە خەڵك، دواتر ئەوەندەی بدرێتێ بە تەواوی بەشی بکات لە خانوو – بۆ خۆی، یان بە کرێ – لە پۆشاكو جلو بەرگ، لە خواردنو خواردنەوە، لە هەرشتێکی تری پێویست بە ژیانی خەڵك، دکتۆر قەرزاوی دەڵێت: (ئەم هاوکاریو هەماهەنگیە ئەوە ناگەیەنێت کە تەنها وەك فریاکەوتنێکی کوتو پڕ یارمەتی هەژار بدرێت بە دەستەبەرکردنی هەندێك لە پێویستیەکانی، دواتر بێتەوە دۆخی خۆیو هەژار بکەوێتەوە، بەڵکو هاوکاری کردنی مەبەست لێی ئەوەیە: دەستەبەری ژیانێکی شایستەی بۆ بکرێت، بە شێوەیەك کە پێداویستیە مادیو دەرونیەکانی بۆ ئەنجام بدرێت، ئەمە بۆ هەرکەسێك کە لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا دەژی – مسوڵمان بێت یان غەیری مسوڵمان – ئەمەش بە ڕێگای ڕەخساندنی هەلی کار بۆ ئەوکەسانەی توانای کارکردنیان هەیە، یان فێرکردنی ئەوانەی توانای فێربونیان هەیە، یان دەستەبەرکردنی ژیانو پێداویستیەکانی، ئەگەر توانای کارکردنی نەبوو) .

ئاستی بژێوی شایستە حاڵەتێکی جێگیری نیەو ئەوە ناگەیەنێت کە تەنها شتە زۆر زەرورەکان یان (ئاستی

زەرورەت) واتە ئەو شتانەی مرۆڤ بە بێ بونیان ناژی ... دەستەبەر بکرێت بۆ تاك‌و خێزان، هەروەك ئەوە ناگەیەنێت کە ئاستی بەشکردن بەشێوەیەکی (مەمرەو مەژی) واتە لای کەمی ژیان ... .

- بەڵکو دەستەبەری ژیانی کۆمەڵایەتی لە ئیسلامدا کاردەکات بۆ دەستەبەرکردنی (بەشکردنی تەواو – تمام الكفاية –) وەك زانایان لە بواری پێدانی زەکات بە هەژاراندا دەڵێن: (هەژارو مسکین چییان دەدرێتێ لەماڵی زەکات ...) لەم سەروبەندەدا زانایان بە پێدانی تێرو تەواو دەڵێن دەستەبەرکردنی کتێبی پێویست ئەگەر ئەهلی زانست بوو، پێداویستی ناومال، ولاخی سواری، تەنانەت ژن هێنان بە بەشێك لە پێدانی بەشکردنی تەواو دەزانن، بەڵکو دەبینین هەندێك لە زانایان – وەك لە مەزهەبی شافیعیدا هاتووە – پێیان وایە واجبە بەشی هەموو تەمەن لە ماڵی زەکات بدرێتە هەژار، بەشێوەیەك کە پێی ببێتە دەوڵەمەند ... ئەویش بەوەی کەرەسەو پێویستی ئەو پیشەیەی بۆ دەستەبەر بکرێت کە دەیزانێت، یان دەستمایەی بازرگانی بدرێتێ ئەگەر بازرگان بوو...، بەم کارەش ماڵی زەکات خەڵکی

هـەژار لـە وەرگـرتن‌و هەژارییـەوە دەكاتـە دەوڵەمەنـدو بەخشندە ... [٦٣].

- ئـەم دەسـتەواژەیە (بەشـكردن بـە تـەواوی — تمـام الكفایة — ) یان ئەم پلەیە، هەنـدێك لـەزانایان بـەكاریان هێناوە بە تایبەت شافیعیەكان، وەك لە كتێبی (المجموع) دا هاتووە: ئەوەندەیان بدرێتێ — واتە هەژارو مسكین — تا لە هەژاری دەرچن‌و ببنە دەوڵەمەند، ئەمەش بـەوەی كە ژیانیان دەسـتەبەر بكرێـت تـا كۆتـایی تەمـەن، ئەمـە دەقی قسەی پێشەوا شافیعیە[٦٤]، لە پەراوێزی قەلیوبیدا هاتووە دەڵێـت: مامۆسـتاكەمان دەڵێـت — واتـە ڕەمڵـی — ئەگـەر بەشـی نـە دەكـرد بـۆی هەیـە بەشـی خـۆی بـە تـەواوی ببـات واتـە - تمـام الكفایـة — ....[٦٥] نـەوەویش دەڵێت : (ڕاسترینی هـاتوو لـە دەقـدا، لەگـەڵ بـۆ چوونی زۆرینە ئەوەیە: بەشی تەمەن دەدرێت بە ئەگەری ژیانی مرۆڤ و دەتوانێـت مـوڵكێكی پـێ بكرێـت‌و سـوودی لـێ وەربگیرێت‌و، بـێ نیـاز ببێـت لـە مـاڵی زەكـات)[٦٦] خـاوەن موحللاش دەڵێت: (هەر كەس هەر جۆرە پیشـەو كارێـك

---

[٦٣] دور القيم والاخلاق فى الاقتصاد الاسلامى

[٦٤] المجموع للنووى

[٦٥] حاشيه القليوبى على المحلى

[٦٦] المجموع للنووى

هەرچـەند زۆریشـی بوێـت، ئەگـەر بازرگـانی بزانێـت سەرمایەی بازرگانیەکەی دەدرێتێ ئەوەندەی کە قـازانج بکاتو بەشـی بکـات بـە زۆری) دواتـر نمونـە بـۆ کـڕینی کەرەســەی پێویســتی ســەردەمی خــۆی دەهێنێتــەوەو دەڵێت: (پاقلـە فـرۆشو سـەوزەو میـوە فـرۆشو نانـەواو بۆن فرۆشو قوماش فرۆشو سەڕافو زەڕنگەر ئەمە لـە پێـنج درهەمـەوە بـۆ دە درهـەم و بـۆ بیسـت و پـەنجاو سەدو هەزارو پێنج هەزارو دەهەزار درهەمیان دەدرێـتێ هەر یەك بە پێی پیشەکەی خۆی)[٦٧]

قەلیوبی سەرنجی لە سەر ئەمە داوەو دەڵێت: (ئەمـە ئەوەی لێ دەخوێنرێتـەوە کـە پـارەی کاشـی نـادرێتێ بـۆ هەموو تەمەنی، بەڵکو بـڕی پێویستی دەدرێـتێ لـە پـارە بۆ کڕینی کەرەسەو موڵكو پێداویستی ...)

قسەی ڕاڤـەکاری ئەم دەقە دەڵێت: (وتەی: ئەوەی لـە قازانـج دەستی دەکەوێت بەشی بکات بـە زۆری) واتـە بـە پێی عـورفی شـارەکەی خـۆی ئەمـەش جیـاواز دەبێـت بـە جیاوازی کـەسو شـوێنو کـات، ئەمانـە هـەمویان ڕەچـاو دەکــرێن، ئــەوەی کــە زانایــان باســیان کــردووە بــە ڕەچـاوکردنی سـەردەمی خۆیـان بـووە، ئەگـەر کەسـێك

[٦٧] المنهاج على شرح المحلى، وحاشيه القليوبى.

زیاتر لە پیشەیەکی هەبێت بڕی پێویستی دەدرێتێ ئەوەندەی کە بەشی بکات ..[٦٨] .

## ئەو بەڵگانەی کە دەوڵەت بەرپرسیار دەکەن لە دابین کردنی ژیانێکی شەرەفمەندانە :

چەندین بەڵگەی زۆرمان هەیە کە دەوڵەت بەرپرسیار دەکەن لەوەی کە دەبێت ژیانێکی شایستە دابین بکات بۆ هاوڵاتیان لە ڕێگەی دەستەبەرکردنی هەلی کارەوە یان هاوکاریکرن، ئەم بەرپرسیارێتیەش سەرەتا لە بەردەم خودادا بەرپرسیارە، پاشان لەبەردەم گەلدا لە ڕێگەی نوێنەرەکانیەوە: لە ئەمڕۆدا پەرلەمان، بەڵگەکان لە ڕووی گشتی بونیانەوە بەڵگەی پێویست بوونی هاوکاریو هەماهەنگیو لەبەرچاوگرتنی مافی مسوڵمانانو سەختیو قورسی بێفەرمانی خودا لە گەڵیانو سۆزو میهرەبانی نواندن بەرامبەریانو دەستەبەرکردنی پێداویستیەکانیانو پاراستنیان لە

---

[٦٨] حاشیە القلیوبی

برسێتیو ترسو هەرشتێکی تری لەو شێوەیە[٦٩]، بەڵگە تایبەتەکانیش لە قورئانو فەرموده زۆرو ئاشکرانو بە ڕوونی پێداگری لەسەر چەسپاندنی دادپەروەری و دەستەبەرکردنی ئاسایشو خۆشگوزەرانی دەکەنو سەرۆكو سەرکردەکان دەخەنە بەردەم بەرپرسیارێتیەوه وەك پێغەمبەر (ﷺ): دەفەرموێت: (کلکم راع، وکلکم مسؤول عن رعيته، ..............)رواه البخاری.

## جێبەجێ کردنی هاریکاری ئیسلامی لە نێوان رابردو و ئێستادا:

هاریکاری کۆمەڵایەتی ئیسلامیو دەستەبەرکردنی ژیانێکی شایستە بۆ تاكو کۆمەڵ لە ڕێگەی سەرچاوەکانی داهاتی دەوڵەتەوه ئەنجام دەدرێن کە پێك دێن لە: زەکاتو، خەراجو (باجی زەویو زار) جزیەو (باجی هاولاتی بوون)و داهاتو دەستکەوتەکانی جەنگو پڕۆژە بەرهەم هێنەکانی دەوڵەت و هەرشتێکی تر کە دەوڵەت دەستی دەکەوێت بە ڕێگایەکی یاساییو شەرعی لە دانە دانەی دەستکەوتەکان، بە تایبەت زەکات.

لە ئەمڕۆدا دەگونجێت ئەمە رێك بخەین — وەك هەیە — لە ڕێگەی دوو دەزگای تایبەتەوه، دەزگای راهێنانو بە دواداچوونو بە گەڕخستن — وەك باسمان

---

[٦٩] ریاض الصالحين

کرد – لەگەڵ دەزگای هاریکاری کۆمەڵایەتی یان وەك لە ئەمرۆدا ناو دەبرێت بە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی، لــە ئــەرکی ئــەم دەزگایــە دەســتەبەرکردنی ژیــانێکی شایستەیە (تمام الکفایة) بۆ خـەڵکی موحتـاجو خـاوەن پێویســتی بــە ڕێگــای دەســتەبەرکردنی کــار بــۆ ئــەو کەســانەی دەتــوانن کــار بکــەن، یــان بــە چــاودێری کۆمەڵایـەتی بـۆ ئەوانـەی توانـای کارکردنیـان نیـە، یـان ئەوانەی کارێکی گونجاویان دەست ناکەوێت تا کار پەیـدا دەبێت بۆیان.

٤- دەرکردنی چەند یاسایەکی تایبـەت بـە پاراسـتنی مافی کرێکارو، پارێزگاریکردنیانو، ئازادییان لەکارکردندا لەبوارێکدا کە گونجاو بێت بـە پێـی شـارەزاییو پسـپۆڕی خۆیـان، یـان بـە پێـی بـەهرەو لێهاتوییـەکانیان، لەگـەڵ دەســتەبەرکردنی مــافی کێبڕکــێو، لەبەرچــاو گــرتنی جیاوازییــەکانیان، هاوکــات لەگــەڵ یاســای خســتنەڕوو خواســت بــەو مەرجــەی دوور بێــت لــە ئیســتیغلالو قۆرخکاری، بـە مانایـەکی تـر ئیسلام مـافی هـەردوولایان دەپارێزێت: کرێکارو خاوەن کـار لـە ڕێگـەی هاوسـەنگیو دادپەروەری.

بۆ نموونە ڕێساو یاسا شەرعیەکان لە گرێبەستەکاندا کاریگەرییان دەبێت لە نێوان کەسەکاندا، گرێبەستی بە کرێدان دەبێت کرێ بڕێکی دیاری کراوبێتو لەسەر بنەمای دادپەروەری بێت و دوور بێت لە خەڵەتاندنو زوڵم بۆ هەردوولاو ماوەی کارکردن دەبێت دیاری کراوبێتو کارەکەش کارێکی ڕەواو دروست بێت، هەروەك دەبێت بە تەواو بوونی کارەکە کرێ بدرێتە لایەنی بەرامبەر، یان بە پێی وردەکاری گرێبەستەکە[٧٠].

ئیسلام پەیوەندی کرێکارو خاوەن کاری پێکەوە گرێداوە، بە کۆمەڵێك بنەمای ئەخلاقیو بە های جوان وەك نەرمو نیانیو میهرەبانیو سۆزو بەزەییو دڵسۆزیو چاکە کاری، هەروەك دەبێت کرێکار کارێکی پێ نەکرێت کە لەتوانایدا نەبێت لەلایەن خاوەن کارەوە، بە هەمان شێوە کرێکاریش دەبێت: ئەمانەت پارێزو دڵسۆزو پسپۆربێتو نهێنی کارو پیشەکەی خۆی بپارێزێت[٧١].

---

[٧٠] الاجاره علی الاشخاص، أ.د.علی محی الدین قەرەداغی.

[٧١] سەرچاوەکانی پێشوو.

## پێڕست


| ژ | بابەت | ل |
|---|---|---|
| ١ | پێشەکی وەرگێڕ | ٣ |
| ٢ | **بابەتی یەکەم :کێشەی هەژاری** | 7 |
| ٣ | هەژاری و جۆرو پلەکانی | 9 |
| ٤ | **بابەتی دووە: پێوەری هەژاری** | 11 |
| ٥ | برسێتی – نەك تەنها هەژاری – کێشەی یەکەمە لەجیهاندا: | ١٧ |
| ٦ | دەوڵەتە زۆر هەژارو دواکەوتوەکان لە جیهانی ئیسلامیدا | ٢٤ |
| ٧ | **بابەتی سێیەم: جێکەوتەی هەژاری:** | ٢٩ |
| ٨ | **بابەتی چوارەم: هۆکارەکانی هەژاری:** | ٥٣ |
| ٩ | پرۆگرامی ئیسلام لە چارەسەری کێشەی هەژاریدا (بەکورتی) | ٥٨ |
| ١٠ | ڕەهەندی یەکەم: ڕەهەندی ئایدۆلۆژی | ٥٨ |
| ١١ | ڕەهەندی دووەم: چارەسەری خودی ناوخۆیی | ٧٠ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٢ | چارەسەرکردنی لایەنی دەرونی هەژار: | ٧٩ |
| ١٣ | رەهەندی سێیەم: چارەسەرە دەرەکیەکان (ئەو شتانەی لەسەر غەیری هەژارە بۆ نەهێشتنی هەژاری) | ٨٢ |
| ١٤ | ئەو بەڵگانەی کە دەوڵەت بەرپرسیار دەکەن لە دابین کردنی ژیانێکی شەرەفمەندانە | ٩٣ |
| ١٥ | جێبەجێ کردنی هاریکاری ئیسلامی لە نێوان ڕابردو و ئێستادا: | ٩٤ |